# جینۆسایدکردنی بارزانییەکان

ڕێکاری مزویری

١-١٢-٢٠٠٧

# جینۆسایدکردنی بارزانییەکان

نوسینی : رێکارێ مزویری
پیتچنین : مەهدی تەیب
نەخشەسازی : جمعە صدیق کاکە
وێنەی بەرگی یەکەم : رەهێل رەشید
وێنەی بەرگی دووەم : نادر روستی
ژمارەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠٩ هەولێر
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی :
ژمارەی سپاردن لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
(          ) بۆ ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ .

# ناوەڕۆک

بـــــارزان .......... ٧
تەڤکوژی ( قەتلوعام ) .......... ٩
کۆچپێکردنی بەزۆر و زەبروزەنگ و ئاوارە و دەربەدەرکردن .......... ١٩
ڕاگواستن .......... ٢٢
ئامانجەکانی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لە ڕاگواستنی بارزانییەکان:.......... ٢٤
ڕاگواستن بەهۆی ناوچە سنووریەکان ساڵی (١٩٧٥ – ١٩٧٨) .......... ٢٥
ڕاگواستن بەهۆی شەڕی نێوان پێشمەرگە و حکومەتی ڕووخاو (١٩٨٧-١٩٩٠) . ٢٧
مینرێژکردنی ناوچەکە .......... ٢٩
کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان .......... ٣١
جینۆساید و دیمۆساید .......... ٣٣
ڕەفتاری بەعسییەکان بەرامبەر ژن و منداڵان لە دوای گرتنی کەسوکارەکانیان... ٣٧
بارزانییەکان لەنێون نێرقڕکردنی(١٩٨٣) و ئەنفال و کیمیابارانکردنی(١٩٨٨)دا . ٣٩
بەڵگەو دیکۆمێنتەکان : .......... ٤٢
دۆزینەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکەیان و گەڕاندنەوەی ڕووفاتەکانیان بۆ دەڤەری بارزان.. ٤٥
جینۆساید و دیمۆسایدکردنیان .......... ٤٧
دادگایکردنی تاوانبارنی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان .......... ٥٢

- کۆچپێکردن و ڕاگواستن
- مینرێژکردنی دەڤەرەکە
- کۆکردنەوە لەناو کۆمەڵگە زۆرەملێیەکاندا
- دەستبەسەرکردن و بێسەروشوێنکردن
- دۆزینەوەی گۆڕەکانیان و گەڕاندنەوەی رووفاتەکانیان
- بەڵگەنامە و دیکۆمێنت و نەخشەکان
- دادگایکردنی تاوانبارنی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان

# بـــارزان

دەڤـەری بـارزان ناوچـەیەکی شـاخاوییە و دەکەوێتـە نزیـك سێگوشـەی ئـەو سنووورە دەستکردانەی کوردستانیان دابەشکردوە بەسەر (تورکیا. ئێران. ئێراق) دا. دانیشتوانی لە رووی دیمۆگرافییەوە بەسەر (١٤) شوێندا دابەش و نیشـتەجێ بوونە کە دەڤەرەکانی (بەرۆژی، نزاری، دۆلا بیاڤێ، سـەرێن مـەزنان، مامـژدیان، مام دۆلان، پاشکێری، شێروان دێرێ، دۆلەمـەری، وەلاتـێ ژۆری، وەلاتـێ ژێـری، زینیا بەرکەلێ، دەڤەرا گەردیان، هەرکییێن بنەجە)[1] کە نزیکەی (٤٠٠) گونـد لـەخۆ دەگـرن، (٧) هـۆزی (شـێروانی، بـەرۆژی، نـزاری، دۆلەمـەری، مزویـری، هـەرکی بنەجە، گەردی ) لە پاش دادپەروەری و چاکسـازییە کۆمەڵایەتییـەکان لـە لایـەن شێخ عەبدولسەلامەوە لە ژێر چەترێك بـەناوی ( مللـەتێ بـارزان ) کۆ بوونـەوە و بوونە خاوەن یەك هەڵوێست و یەك کلتوور، بـەناوی بـارزانی کـە نـاوی گونـدێکی ئەم دەڤەرەیە هـەر لـە سـەرەتای دژایـەتیکردن و روبەڕووبونـەوەی داگیرکـەرانی کوردستان بارزانییەکان بەڕابەرایەتی شێخەکانی بارزان، بەرامبەر زوڵم و سـتەمی زاڵمــان چـۆکیان دانــەنا و لــەناو شۆڕشــەکانی یــەك لــە دوای یــەکی بارزانــدا، بارزانییەکان رووبەرووی چەندین کێشەو نەهامەتی و کارەساتی گەورە بوونـەوە، لە وانە (تالان و وێرانکردن. کۆچـپێکردن و دەربـەدەرکردن و راگواسـتن. گـرتن و کوشـتن. ئەشـکەنجەدان. سـورگۆنکردن و بێـدەرتانکردن، زیندەبەچـاڵکردن) لـە

[1] عەشیرەتی بارزان لە نێوان ١٩٣١– ١٩٩١ عەبدورەحمان مەلا حەبیب ئەبووبەکر چاپایەکێ سالا ٢٠٠١ ل ١٤٥

ماوەی نزیکەی سەدەیەك لە خەبات و تێکۆشانی بارزانیـەکان (٤٦) جـار دەسـتە دەسـتە و کۆمەڵـە کۆمەڵـە ئـاوارەو دەربـەدەر و راگـوێزراون کۆچـپێکراون و لـە دەرەوەی کوردستان و ناوەوەی کوردستان دا جێگۆڕکێیـان پێکـراوە. هـەرجارە بەدەیان کەس بوونە قوربانی نەخشە گلاّوە دارێژراوەکانی دوژمنـانی گـەلی کـورد لەناو کۆچپیکردنی بە زەبرو زەنگدا. سەرەڕای ئەو گۆڕانەی تایبەتن بەخۆیانـەوە لە دەڤەری بـارزان، بارزانیـەکان زیـاتر لـە (٥٠٠) جێگـای جـۆراو جـۆر نێـژراون و نزیکەی (١٠) گۆڕی بەکۆمەڵیان هەیە کـە هەریەکـەیان زیـاتر لـە(١٠–١٠٠– ١٠٠٠) مرۆڤی تێدا نێژراوە و زۆریشیان شەهیدکراون و گۆڕیـان بـزرو نادیـارن هـەموویان بەدەسـتی داگیرکـەرانی کوردسـتان بونەتـە کـوری، وەك گـۆڕی (بوسـیە، مەلاباسەك، بـارزان ئابـاد، مهابـاد، مەرەجویجـە....) کـە زۆربـەی هـەرە زۆریـان منداڵ و پیرو پەککەوتە و خەڵکی سڤیلی بێگوناهن. دوژمنـان رێگـا و میکـانیزمی جۆراوجۆریان ئەنجام داوە بۆ لەناوبردن و جینۆسایدکردنیان.

# تەڤکوژی ( قەتلوعام )

هیچ جینۆسایدێك بەبێ پلانرێژی پراکتیزە ناکرێت، جینۆساید پێویستی بە ناوەندێکی سەرپەرشتیارو پرۆژەیەکی گشتگیر هەیە بو ئۆرگانیزەکردنی هەموو ئەو ئامرازانەی کە بۆ کوشتاری بەکۆمەڵ بەکار دەهێنرێن..جینۆساید تاوانێکی دەوڵەتیانەیە، چونکە ئەم چەشنە ئۆرگانیزەکردنە تەنها لە تواناو ئیمکاناتی دەوڵەتاندایە. تاوانی کۆمەلکوژی قەتلوعام یا جینۆساید بەدرێژایی مێژوو بە شێوەی جۆراوجۆر ئەنجام دراوە. بەداخەوە لە سەدەی بیستەمیشدا کە لە روانگەی داهێنانە زانستی و تەکنۆلۆجیەکانەوە سەرقافلەی شارستانیەتی مرۆڤە، لەژێر ناو چەشنی نامرۆڤانەدا. پراکتیزە کردنی ئەم تاوانە دێرینەمان بینی. بەپێی ئەم لێکۆلینەوەیە کە لەلایەن خاتوو هێلین فین (Hlen fein)ی لێکۆڵیاری مەسەلەی جینۆسایدەوە ئەنجام دراوە، ژمارەی قوربانیانی جینۆسایدەکانی سەدەی بیستەم لە ژمارەی گشت قوربانیانی جەنگەکانی تری ئەم سەدەیە زیاتر بووە.[١]

مێژووی ئەنجامدەری جینۆسایدەکە پلاندارێژە سەرەکییەکان و ژمارەی قوربانییەکان بە نزیکەیی ئەمانەن :

١-١٩١٥ — ١٩٢٣ دەولەتی تورکیای عوسمانی تورکە لاوەکان، تەلعەت پاشا ئەرمەنییەکانی نیشتەجێی ولآتەکە (٥، ١) ملیۆن و ٥، ٠ ملیۆن ئاوارە.

---

[١] وەرگێر کارزان. ١٨-١١-٢٠٠٦ جینۆساید لە سەدەی بیستەمدا

٢- ١٩٣٤- ١٩٣٩ حکومەتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت کۆمۆنیستەکان، جۆزیف ستالین ئوکرانییەکان و ئوپۆزسیونەکانی ناوخۆ (١٣) ملیون.

٣- ١٩٣٩- ١٩٤٥ حکومەتی نازیستی ئەڵمانیا ئەدۆڵف هیتلەر لهستانیەکان، جولەکەکان و دژەنازیەکانی ئەوروپا (٦) ملیۆن لهستانی، (٥، ٥) ملیون جولەکە.

٤-١٩٦٦ - ١٩٦٩ حکۆمەتی کۆمونیستی چین ماو سی تونگ دژە کۆمۆنیستەکان، ئۆپۆزسیونەکان (٢) ملیۆن.

٥-١٩٧٥ - ١٩٩٥ کامبۆج پۆل پۆت هاولاّتیانی ئاسیای (٢) ملیۆن.

٦- ١٩٦٣ - ١٩٧٤ سوپای ولاّتە یەکگرتووەکان لیندۆن جونسۆن، ریچارد نیکسۆن خەلکی ڤێتنامی باکوور (١) ملیۆن.

٧- ١٩٩٤ هێزە ئۆپۆزسیونەکان یوگسلاڤیا لە رەوەندا هۆزی هۆتۆکان (hutus) هۆزی توتسی (٦، ٠) ملیۆن کوژراو، (٥، ١) ملیۆن ئاوارە.

٨- ١٩٩٥ سوپای سلوبۆدان میلۆسۆڤیچ هاولاّتیانی بوسنە (٢، ٠) ملیۆن.

٩- ١٩٨٧ - ١٩٨٨ حکومەتی بەعسی عێراق سەدام حسێن، کوردەکانی باکووری ئێراق (١، ٠) ملیۆن.

١٠- ١٩٧٢ -١٩٩٩ حکومەت و سوپای ئەندەنوسیا سوهارتوو خەڵکی تەیموری خۆرهەلاّت (٥، ٠) ئەندەنۆسیا (٠، ٣) لە تەیموری خۆرهەلاّت.

١١- ١٩٨٦ - ٢٠٠١ حکومەتی مەزهەبی تالّیبان و ئوسامە بن لادن خەڵکی ئەفغانستان، ئۆپۆزسیۆنەکان (٠٢، ٠) ملیۆن.

١٢- ١٩٨٣ - ٢٠٠١ سودان بەرەی ئیسلامی باكوور دەسەلاتداره سیاسیەكان گرووپە نەتەویی و مەزهەبیەكانی باشووری سودان (٢) ملیۆن، (٤) ملیۆن ئاوارە.

ژمارەی قوربانییەكان ژمارەی نزیكەیی و مامناوەندین، لە سەرچاوە جۆراوجۆرەكاندا جیاوازن .

مێژووی گەلی كورد پڕە لە كوشتنی بەكۆمەڵ یان كۆمكوژی لە هەرچوار پارچەكانی كوردستان، وەك ئەم كۆمكوژیانەی كە لە نیوەی سەدەی رابردوو لە باشووری كوردستان لەلایەن رژێمە تۆتالیتارییەكانی ئێراقەوە ئەنجام دراون لەوانە:

**كوشتنی بەكۆمەڵی ژن ومندالی كورد بە سەرۆكایەتی زەعیم سدیق و تەها شەكرچی لە شەستەكاندا**

١- سالی ١٩٦٣ كوشتنی بەكۆمەڵی خەڵكی شاری سلێمانی نزیكەی (٤٠٠-٥٠٠) كەس.[1]

٢- سالی ١٩٦٣ كوشتنی خەڵكی هەڵەبجە (٢٠-٤٠) كەس.

٣- سالی ١٩٦٣ كوشتنی خەڵكی گوندی (سیارە) لە كەلار (١٨) كەس.

٤- سالی ١٩٦٣ كوشتنی خەڵكی كەندی ناوە لە هەولێر (٣٠ - ٥٠) كەس.

٥- سالی ١٩٦٣ كوشتنی لاوەكانی كەركوك و دەوروبەری (١٥-٣٠) كەس.

---

[1] لە ٤٢ هەمین ساڵیادی كارەساتی ٩ حوزەیرانی شاری سلێمانی لە وێژدانی مێژوودا بەزیندوویی دەمێنێتەوە. زانیار سەردار قرگەی. رۆژنامەی خەبات ژمارەی ١٨١٩.

٦- ساڵی ١٩٦٣ کوشتنی مەسیحییەکانی شەقلاوەو موسلمانانی گوندی سیساوە، گوندی فریز (١٠- ١٥) کەس.هەروەها بەستنەوەی هەندێك لە موسلمانان و مەسیحیەکانی شاری کۆیە بەدنگەکانەوە و رەمیکردنیان (١٠) کەس.

**کوشتنی بەکۆمەڵی ژن و منداڵی کورد بەدەستی سەرانی رژێمی بەعسی رووخاو، سەدام حسێن و عەلی حەسەن ئەلمەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی.**

٧- ساڵی ١٩٦٥ کوشتنی منداڵ و مێرد منداڵی گوندی چیمەن و کەرکوك (٢٥) کەس.

٨- ساڵی ١٩٦٩ کوشتنی ژن و منداڵی ناو ئەشکەوتی دەکا (٧٢) کەس.

٩- ساڵی ١٩٦٩ کوشتنی مەسیحیەکانی گوندی سوری لە قەزای زاخۆ (٣٩) کەس.

١٠- ساڵی ١٩٧٤ بومبابارنکردنی شاری هەلەبجە و کوشتنی (٥٠) کەس.

١١- ساڵی ١٩٧٤ بومبابارنکردنی قەلادزێ، کوشتنی (١٢٠) کەس و بریندارکردنی دەیان کەسی تر.

١٢- ساڵی ١٩٧٤ بومبابارنکردنی پردی کەلالە و کوشتنی (٨٠) کەس.

١٣- ساڵی ١٩٨٠ بێسەرۆشوێنکردنی نزیکەی (٣٠٠٠- ٥٠٠٠) کوردی فەیلی و دەرکردن و ئاوارەکردنی (١٠٠٠٠) کەسی تر.

١٤- ساڵی ١٩٨٠ توپبارنکردنی گوندەکانی دەوروبەری کۆیە و بەردانەوەی هەندێکی تر بە فڕۆکەی هەلیکۆپتەر لە ئاسمانەوە بە فەرمانی بارق.

١٥- ساڵی ١٩٨٢ کوشتنی کۆمەڵێك گەنجی شاری سلێمانی لە فلکەی ناڵی (٥- ١٠) کەس.

١٦- ساڵی ١٩٨٣ گرتن و کوشتنی نزیکەی (٨٠٠٠) بارزانی لە ناو کۆمەڵگەکانی (قۆشتەپە، دیانا، بەحرکە، هەریر).

١٧- ساڵی ١٩٨٤ گرتن و رەمیکردنی کۆمەڵێك گەنج لە گوندی قرگەی رۆژهەلاتی سلێمانی (١٧)کەس.

١٨- ساڵی ١٩٨٠ بومبابارنی کۆمەلگەی زێوە بە (٥) جار لەم رێکەوتانەدا (٢٦-٩-١٩٨٠)، (٩- ٦ – ١٩٨٥)، (١-٧-١٩٨٥) (٦-٤- ١٩٨٨)، کوشتنی (١٤٨) کەس و بریندارکردنی (٣٠٠) کەسی تر.

١٩- ساڵی ١٩٨٥ گرتن و کوشتنی کۆمەڵێك خەلکی شاری سلێمانی لە هەردوو رووداوی قوتابیانی ئامادەیی رۆشنبیری و مەنعتەجەولی سلێمانی (٢٠- ٣٠) کەس.

٢٠- ساڵی ١٩٨٦ خۆپیشاندانی شارۆچکەی هەریر رەمیکردنی (٦) کەس.

٢١- ساڵی ١٩٨٦ رەمیکردنی کۆمەڵێك گەنج لەناو سەربازگەی رەشکین و شاردنەوەیان لە کارگەی قیری هەولێر هەروەها رەمیکردنی چەند قوتابییەك لە تەنیشت یاریگای هەولێر، (٤-١٠)کەس.

٢٢- ساڵی ١٩٨٧ خۆپیشاندانی خەڵکی شاری شەقلاوە و گرتن و کوشتنی (٣٧) کەس.

٢٣- ساڵی ١٩٨٧ کیمیابارانی دۆلی بالیسان و شێخ وەسان و وەرێ و مەلەکان و کوشتنی (٢٥٠) کەس و بریندارکردنی دەیان کەسی تر.

٢٤- ساڵی ١٩٨٧ رەمیکردنی کۆمەڵێك لاو لەناو مەرکەز شەبابی دهۆك (٦-١٢) کەس.

٢٥- ساڵی ١٩٨٧ رەمیکردنی (١٣) کەسی شاری رواندوز.

٢٦- ساڵی ١٩٨٨ کیمیابارنکردنی شاری هەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستان (٥٠٠٠) کەس.

٢٧- ساڵی ١٩٨٨ رەمیکردنی کۆمەڵێك خەڵکی گوندی کورێمە (١٠-٢٠) کەس.

٢٨- ساڵی ١٩٨٨ رەمیکردنی کۆمەڵێك خەڵکی گوندی مۆلەت خودای سەروو و راپەرینی چەمچەماڵ (٥ - ١٠) کەس.

٢٩- ساڵی ١٩٨٨ بلاوکردنەوەی سەموونی ژەهراوی و گرتن و ئەشکەنجەدان و بێسەرۆشوێنکردنی خەڵکی دەڤەری بادینان لە کۆمەڵگەکانی موش و ماردین و جەژنیکان و مردنی ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەکان بەهۆی نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان و برسیکردنیان (٢٠٠٠) کەس.

٣٠- ساڵی ١٩٨٨ رەمیکردنی شوانەکانی دەوروبەری کەلار (١٠- ١٥) کەس.

## قۆناغەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨

### قۆناغی یەکەم

٣١– ٢٣ ی شوبات ـ ١٩ی مارتی ١٩٨٨ سەرگەلو بەرگەلو

### قۆناغی دووەم

٣٢– ٢ـ ٢٢ی مارتی ـ ١ی نیسانی ١٩٨٨ قەرەداغ

### قۆناغی سێیەم

٣٣– ٧–٢٠ ی نیسانی ١٩٨٨ گەرمیان

### قۆناغی چوارەم

٣٤– ٣–٨ی مایسی ١٩٨٨ دۆڵی زێی بچووك

### قۆناغی پێنج و شەش و حەوت

٣٥– ١٥ی مایس ـ ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ شەقڵاوە و ڕواندوز

### قۆناغی هەشتەم

٣٦–٢٥ی ئاب ـ ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ بادینان

**لەم هەشت قۆناغانەدا نزیکەی (١٨٢٠٠٠) کەس بوونە قوربانی.**

٣٧–ساڵی ١٩٩١ بەهۆی ڕەمیکردن و توپبارانەوە کۆمەڵێك خەڵکی شارەکانی ( کەرکوك، هەلێر، سلێمانی، دهۆك ،خانەقین ) لە کاتی ڕاپەڕیندا شەهید بوون، (٣٥٠٠) کەس.

٣٨–ساڵی ١٩٩١ کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کورد بو سەر سنوورەکان و ولاتانی هاوسێی ئێراق و مردنی نزیکەی (٥٠٠٠) کەس بەهۆی سەرماوسۆل و نەبوونی خۆراك و پێداویستی تەندروستی و ئەلغەمەکانی ڕژێمی رووخاو.

بەفەرمان و سەرۆکایەتی سەدام حسێن بە هەزاران ژن و منداڵ و پیرو

پەککەوتـــە زیندەبەچـــاڵ و شـــەهید کـــران. ســـاڵی (١٩٦٣) ســـاڵی (١٩٨٨) خوێناویترین ساڵ بوون و (سەدام حسێن و عەلی کیمیایی، زەعیم سدیق و تەها شەکرچی) خوێنرێژترین سەرکردەی نیو سەدەی رابردوو بوون بەرامبەر گەلی کورد لەباشووری کوردستاندا کە زیاتر لە (٥٠) جار کوردیان بەکۆمەڵ کوشتووە. بارزانییەکانیش نەك بێبەش نەبوونە، چەندین جار بەدەستی دوژمنان بەکۆمەڵ و دەستە دەستە شەهید کراون، لەوانە:

١–ســاڵی (١٩٤٥) تۆپبــارانی گونــدی ئــەرگوش و قــەتڵوعامی بنەماڵــەی (عەلیێ مستیێ) خەڵکی گوندی بێرۆخ.

٢–ساڵی (١٩٤٧) بەشداریکردنی بارزانییەکان لـە کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابــاد و ئابلۆقــەدانیان لەلایــەن رژێمــی ئێــران و ئێراقــەوە و نــەبوونی پێداویستییەکانی ژیان لە هـەموو لایەکـەوە ، بوونـە هـۆی لـە ناوچـوون و شەهیدبوونی نزیکەی (٢٠٠٠) زارۆك و پیر و لاو و ئافرەت.[1]

٣–ســاڵی (١٩٤٧) کوشــتنی (١٠– ١٥) کــەس بەئەشــکەنجەی جۆراوجــۆر لەناو گرتووخانەکانی (موسڵ، بەغدا، کـەرکوك) مردنـی دەیـان کەسـی تـر دوور لە زێدی باب و باپیرانیان.

٤–ساڵی (١٩٦٩) سووتاندنی (٧٢) ژن و منـداڵ لـەناو ئەشـکەوتی دەکـا. هەروها لەشەسـتەکاندا گونـدەکان بەفرۆکـە بوردۆمـان دەکـران و خـەلکی ناوچەکە ئاوارەو دەربەدربوون ،بۆ ناو ئەشکەوتەکان و دەیان کەس بوونە قوربانی .

---

[1] من جرائم القتل العام فی لکوردستان العراق عام ١٩٨٨ قسم فی مکتب السیاسی للحزب الدیمقراتی الکردستانی مطبعة خبات شباط ١٩٨٨ ص٣

٥-ساڵی (١٩٧٥) کۆچکردنی بارزانییەکان بۆ وڵاتی ئێران دابەشکردنیان بەسەر سەدان شار و شارۆچکەو ناوچەی جوراوجۆری وڵاتی ئێراندا مردنی سەدان کەس لەبەر سەرماوسۆلی سنوورەکانی حاجی ئۆمەران و خنێرە و کێلەشین،بەهۆی نەگۆنجان لەگەل کەشوهەوای ناوچەکاندا.

٦- ساڵی (١٩٧٥) بارزانییەکان بەزۆر راگوێزرانە باشووری ئێراق لە پارێزگای دیوانیە دەوروبەری قەزای عەفەك بیابانی جەحیش و مەرەجویجە ئاکنجی کران، لەبەر خراپی کەشوهەواو نەگونجانی خەڵکەکە لەگەڵ سروشتی دەڤەرەکە زیاتر لە (٥٠٠) کەس بوونە قوربانی.

٧- ساڵی (١٩٨٠) بۆمبابارانی کۆمەلگەی قۆشتەپە و شەهیدکردن و بریندارکردنی دەیان کەس.

٨- ساڵی (١٩٨٣) بێسەروشوێنکردنی نزیکەی (٨٠٠٠) بارزانی لە ناو کۆمەلگەکانی (قوشتەپە، بەحرکە،هەریر، دیانە).[1]

٩-ساڵی (١٩٨٣) شەهیدکردنی کۆمەڵێك ژن و منداڵی بارزانی لە (مێرگە کاروانی) سەر سنووری ئێراق و ئێران و تەقاندنەوەی جێبێکی پڕ لە ژن و منداڵی گوندی لێلویك لە کێلەشین.

١٠- ساڵی (١٩٨٥) تۆپبارانکردنی کۆمەلگەی زێوە بە (٥) جار و شەهیدکردنی (١٤٨) کەس و بریندارکردنی (٣٠٠)ی دیکە، کۆمەلگەی زێوە ئەوکات لەژێر سەرپەرشتی خاچی سووری نێودەوڵەتی بوو.[2]

---

[1] بارزان و حركة الوعی القومی الكردی ١٨٢٦ – ١٩٤١ ص ٢٥
[2] زێوە لەیاد ناچێت..نامیلکە، لە بلاوکراوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، ئێراق ، لقی ئاوارە، ل ٨ -١٥

١١-  ساڵی (١٩٨٨) وێرانکردنی (٥٠) گوندی دەڤەری بارزان و ئەنفال و کیمیابارانکردنی ناوچەکە و شەهیدکردنی (١٠) کەس و بریندارکردنی دەیان کەسی تر و ئاوارە و دەربەدەربوونی (٤٠٠٠-٥٠٠٠) کەس بۆ وڵاتی تورکیا و ئێران.

١٢-  ساڵی (١٩٩١) لە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کورددا نزیکەی (٢٥٠) منداڵ و پیر و بەساڵاچووانی بارزانی لە سەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران و ناو کۆمەڵگەکانی (بێمزۆرتێ، سێگرکان، زێوە، خوێ و سەڵماس ) بوونە قوربانی.

١٣-  ساڵی (١٩٩٦) گرتنی بنەماڵەی رەشید مزویری ناسراو بە (رەشێ توی) لەلایەن سەربازانی تورك و بەرزکردنەوەیان بە فرۆکە و لە ئاسمان فڕەدان بە شێوەیەکی درندانە بۆ سەر شاخ و کێوەکان و تۆپبارانکردنی گوندەکانی دەڤەری بارزان و شەهیدکردنی (١٠ — ١٥)کەس و بریندارکردنی کۆمەڵێك لە دانیشتووانی ناوچەکە.

١٤-  ساڵی (١٩٩٧) شەهیدکردن و سووتاندنی نزیکەی (٣٠) ئەندامی بنەماڵەی (وهاب سەلیم، سەید کەریم، لاوانی گوندی بازێ)، داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنان ، چەندین رێگاو شێواز و میکانیزمی گرتۆتەبەر بۆ لەناوبردن و قڕکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد بەگشتی و بارزانییەکان بەتایبەتی، گەورەترینیان (راگواستن، کۆکردنەوە، بێسەرۆشوێنکردن) ی ساڵی (١٩٨٣) بوو.

---

* شەهیدەکانی کارەساتی زێوە لە زۆربەی هۆزە کوردیەکان بوون، بەلام رێژەی بارزانییەکان لە هەموویان زیاتر بوو .

# کۆچپێکردنی بەزۆر و زەبروزەنگ و ئاوارە و دەربەدەرکردن

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بارزان، بارزانییەکان بوونە ئامانجی سەرەکی داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی و حکومەتەکانی ئێراق بەتایبەتی. ئەوان هەموو رێگایەکیان بەکارهێناوە بۆ لەناوبردنیان، لەوانە کۆچپێکردنی بەزۆر و نەفی و سۆرگۆنکردن کە (٤٦) جار دەستە دەستە و کۆمەڵ کۆمەڵ راگوێزراون و کۆچپێکراون و جێگۆڕکێیان پێکراوە ، کە لەم خالانەی خوارەوەدا تەنها ئاماژە بە (٥) یان دەکەین:

١- لە (١٠- ٦ – ١٩٣٢) بارزانییەکان لەبەر هێرشەکانی حکومەت، سەروەت و سامانی خۆیان بەجێهێشت و بە ژن و منداڵەوە (٤٠٠) خێزان ئاوارەی تورکیا بوون، (٢٥٠) چەکداریش لەسەر سنوورەکان مانەوە لەماوەی (١٩٣٢- ١٩٣٤) لە ناوچەکانی (مزویری، بەرۆژی، شێروانی) لەشکری ئێراق بەپاڵپشتی فرۆکەی بەریتانی (٧٩) گوندی وێران کرد کە (٢٣٨٢) سەرەك خێزان ئاوارە بوون.

٢- لە (١١- ١٠ – ١٩٤٥) لەدوای راپەرینی دووەمی بارزان، لە ئەنجامی شەڕێکی گران لەنێوان بارزانییەکان و لەشکری ئێراق و بۆردومانی فرۆکەکانی ئینگلیز کە لەماوەی یەك رۆژدا (٣) جار بە (٧ – ١٤) فرۆکە گوندەکانی بۆردومان دەکران، (٣٥) گوند وێران کران و بە سەدەها کەس شەهیدو بریندار بوون، (١٥) هەزار ژن و منداڵ ئاوارە و دەربەدەری ناو ئەشکەوتەکان و شوێنە نادیارەکان و ولاتی ئێران بوون.

٣- له (١٠ – ٤ – ١٩٤٧) لەدوای هێرشی تانك و تۆپی حکومەتی ئێران بۆ سەر بارزانییەکان، بە رابەرایەتی (شێخ ئەحمەدی) بارزانی گەڕانەوە بۆ ناو خاکی کوردستان کە پێکهاتبوون لە (٤٥٦٧) کەس، (١٥٥٠) پیاو (١٦٨٨) ژن و (١٣٢٩) منداڵ. لەناو سیمی دیانا دەستبەسەر کران و لە دوایدا هەموو نێرینەکانیان گرتن و بو ماوەی (٢- ١٢) ساڵ لەناو گرتووخانەکانی (کەرکوك،موسڵ، بەغدا، بەسرا)دا مانەوە لەدوای دوو ساڵ خێزانەکانیان بە سەر گوندەکانی (دهۆك، هەولێر) دابەش کران. لە (٦- ٥ – ١٩٤٧) (٥٠٦) بارزانی بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی، خۆیان لەدەست هەرسێ دەوڵەتی داگیرگەری کوردستان ( تورکیا، ئێران، ئێراق ) رزگارکرد و چوون بو سۆڤیەتی پێشوو. حکومەتی روسیای ئەوکات سیاسەتی (( پەرتکەو زاڵبە )) یان بەسەردا سەپاند و بەسەر چەندین هەرێمی سۆڤیەتدا دابەشی کردن و لە یەکتر جیاکردنەوە.

٤-له ساڵی (١٩٧٥) لەدوای رێککەوتننامەی جەزائیر، بارزانییەکان بەشێکیان ئاوارەی ئێران بوون و بەشێکیش راگوێزرانە باشووری ئێراق و ناوەڕاستی ئێراق، لە ئێرانیش، شای ئێران وەك دەوڵەتی روسیای پێشوو، هەموویانی لێك جیاکردنەوە و هەر دووماڵ سێماڵ بەیەکەوە رەوانەی گوندێك یان شارێك دەکران و لەخاکی کوردستان دوورخرانەوە و نزیکترین خاڵی نیشتەجێکردنیان شاری تەبرێز بوو. لە ساڵی (١٩٨٠) بارزانییەکان توانییان لە ئێراق و ئێران بگەڕێنەوە سەرخاکی کوردستان کە زۆربەیان لە ئێران گەڕانەوە بۆ پارێزگای ورمێ، لە باشووری ئێراقیش بۆ پارێزگای هەولێر.

٥-له ساڵی (١٩٩١) لەگەل کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کورد بارزانییەکان

بەگشتی ئاوارەی سەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران بوون زوربەیان لەناو کۆمەڵگەکانی (بێمزۆرتێ، سێگرکان، خوێ، زێوە و دەوروبەری) نیشتەجێ بوون. لەناو ئێراق و ئێراندا بە دەیان جار ئاوارە و دەربەردەر کراون و جێگۆڕکێیان پێکراوە.

## راگواستن

راگواستن پێناسە و شێوازی جۆراو جۆری هەیە کە بەرامبەر وشەی (deportatio) کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی رۆمانییە، وەك سزا بۆ دوورخستنەوەی کەسێك بەکار هاتووە، حوکم و سزایەکەی وەرگرتنەوەی مافی هاولاتیبوونە.[١] راگواستن دوو جۆرە یەکەمیان بۆ خۆشگوزەرانی و باشترکردن و بەرەوپێشبردنی باری ژیانی کۆمەلێك مرۆڤە، دووەمیان دەولەتانی داگیرکەر بۆ بەرژەوەندی خۆیان کۆمەلێك مرۆڤ بەزۆرەملێ لە زێدی باب و باپیرانیان رادەگوێزن بۆ شوێنێکی تر. کۆچپێکردنی بەزۆر و زەبروزەنگ و ئاگروئاسن خۆی لەناو بازنەی ڕاگواستنی دووەمدا دەبینێتەوە کە رژێمە داگیرکەر و کۆلۆنیالیست و پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ بەرامبەر بە گەلانی رزگاریخوازو بەلەنگاز ئەنجام دەدەن. دەڤەری بارزان و بارزانییەکان هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا کوتایی سەدە، زیاتر لە هەموو کوردستانیان دووچاری ئەم کێشەو گیروگرفتانە بوونەوە. کۆچپێکردن و راگواستنی بەزۆر نەخشەیێکی داڕێژراوی فرە ئال و فرە رەهەند بوو، کە رژێمی رووخاوی بەعس بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لەناو نەتەوەی عەرەبدا ئەنجامی دا. ئەمەش پەرەپێدان و بەرەو پێشبردنی هزری رژێمەکانی پێشوتر بوو. کە عەرەبەکان بە سەرۆکایەتی (زەعیم سدیق) و هاوهزرەکانی لە شەستەکان و بەر لە شەستەکان ئەم درۆشمە شەڕانگیزەیان لە کاتی هێرشکردنیان بۆ سەر کورد و کوردستان، بەدەنگی بەرز دووبارە

---

[١]– ئاکامە کۆمەلایەتییەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا. مراد حەکیم، نامەی ماستەر، کە پێشکەش کراوە بە بەشی کۆمەلناسی کۆلیژی ئاداب، هەولێر، ٢٠٠٣.

دەکردەوە (احنا العرب عدنا الغیرە وین الاکراد بها الدیرە) یان (احنا البدو وین العدو)، کوردەکانیش دەیانگوت (عەرەب هاتن یەك و دوو نە نانیان هێشت نە قومە دۆ ئەوجا چبکەین بابەڕۆ).[1] بەعەرەبکردن و راگواستنی بەزۆر لە سنوورەکانی نزیك ناوچە و شوێنە عەرەبنشینەکان دەستی پێکرد، تاوەکو هەموو کوردستانی گرتەوە و زیاتر لە (٤٥٠٠) گوندو شارۆچکە وێران و خاپوور کران. بە چەندین بیانووی جۆراوجۆر وەك :

**١–راگواستن بەهۆی ناوچە سنوورییەکان.[2]**

**٢–راگواستن بەهۆی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران.**

**٣– راگواستن بەهۆی شەڕی نێوان پێشمەرگە و حکومەتی رووخاو.**

**٤–راگواستن بە هۆی ناوچە نەوتییەکان.**

**٥–راگواستن بەهۆی بەنداوەکان.**

دانیشتووانی دەڤەری بارزان، بەهۆی سێ هۆکار و بیانوو راگوێزرانە ناو کۆمەڵگە زۆرملێیەکان، لەوانە :

**١– بەهۆی ناوچە سنورییەکان لەساڵی (١٩٧٥–١٩٧٨)**

**٢– بەهۆی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران لە ساڵی (١٩٨٢)**

**٣– بەهۆی شەڕی نێوان پێشمەرگە و حکومەتی رووخاو لە ساڵی (١٩٨٧–١٩٩٠)**

---

[1] – ئەم درۆشمە لەزاری د. عومەر ئیبراهیم عەزیز ناسراو بە عومەر پەتی ماموستای زانکۆی سەلاحەدین ، وەرم گرتووە.

[2] – ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکوچکەی بەعسیان ( تەرحیل. تەعریب. تەبعیس ) ئەمین قادر مینە، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی کوردستان چاپی دووەم ١٩٩٩.

# ئامانجەکانی رژێمی بەعسی رووخاو لە راگواستنی بارزانییەکان:

١- تێکدانی یەکێتی نەتەوەیی گەلی کورد و برینی پەیوەندییەکانیان، بەتایبەت لە نێوان کوردەکانی رۆژهەلاَت و باکووری کوردستان دا.

٢- دەڤەری بارزان ناوەند و مەلْبەندی شورش و تێکوشان و خەبات و بەرخۆدان بوو، هەروەها جێگای حەوانەوەی پێشمەرگەکان بوو.

٣- بۆ کۆنترۆلکردنی خەلْکەکە و بە ئاسانی سەپاندنی دەستەلاَتەکان و جێبەجێکردنی بریارەکانیان.

٤- لە ناوبردنی ژێرخانەی ئابووری و ئازاردانی گیانی بەردەوام و درۆستکردنی نەخۆشیە دەروونیەکانی وەك راراییی و دلەراوکێ لە ناو خەلْکی کۆمەلگە زۆرەملێیەکان دا.

٥- بو شێواندن و لەناوبردنی دابونەریت و کلتوری رەسەنی کوردی.

# ڕاگواستن بەهۆی ناوچە سنووریەکان
# ساڵی (١٩٧٥ – ١٩٧٨)[١]

**قوناغی یەکەم :**

لەپاش ڕێکەوتننامەی شوومی جەزائیر، حکومەتی (ئێراق و ئێران و تورکیا ) ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە (٢٠ – ٣٠) کیلۆمەتر دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان ڕابگوێزن و کەمەرێکی ئەمنی دروست بکەن. ڕژێمی ئێراق ئەم خاڵەیان زوو جێبەجێ کرد، لە یەکەم هەنگاودا بارزانییەکانی سەر سنوور و دەوروبەری گوندی بارزان کە پێکهاتبوون لە هۆزەکانی (هەرکی بنەجە، نزاری، بەرۆژی، بەشێك لە مزوریان) بە فرۆکەی هەلیکۆپتەر و زیل و شەمەندەفەر ( قیتار ) لە (١٨ –١١– ١٩٧٥) ڕایانگواستنە باشووری ئێراق و لە پارێزگای دیوانیە، ناحیەکانی (شافعیە، ئەلفدێر، فەوارە ) سنوری گوندەکانی (جەحیش. خێرییە. مەڕەجویجە ) لە چوار کۆمەڵگە بەناوی (١. ٢. ٣. ٤) نیشتەجێیان کردن. (٧٦) گوندیان بە (tnt) تەقاندەوە و وێران کران. بەفەرمی بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو کەسانەیان دەرکرد کە دەیان ویست بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان و زێدی باب و باپیرانیان.

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێزان ( سوبحی سەلیم، عەلی سام ) کە بەشداربوو شایەد حالبوون لە (٢٧–١١–٢٠٠٢).

### قۆناغی دووەم :

لـە بـەردەوامی کـاری راگواسـتندا لـە (٢٦- ٦- ١٩٧٨) خـەڵکی گونـدی ئەرگوش، کە زیاتر لـە (٣٠٠) سـەرەك خێـزان بـوون، راگوێزرانـە نـاو کۆمەڵگـەی هەریر، هەروەها لە (٧-٧-١٩٧٨) هەموو گوندەکانی هـۆزی مزویـری و هەنـدێك لـە گونـدەکانی هـۆزی شـێروانی راگوێزرانـە نـاو (٥) کۆمەڵگـەی زۆرەملـێ لـە دەوربەری هەولێرو و قەزاکانی هـەولێر، لـەم قۆناغـەدا (٧٧) گونـد وێـران کـران. بەلام ئەم راگواسـتنە لەگـەل هـی پێشـوودا جیـاوازی هـەبوو بـە پارەیـەکی کـەم قەرەبوو کرانەوە، هەروەها لەناو سنووری کوردستاندا مانەوە.

### راگواستن بەهۆی شەڕی نێوان ئێراق و ئێران لە ساڵی (١٩٨٢)

هەر لە سەرەتای دروستبوونی شـەڕی نێـوان ئێـراق و ئێـران، بەشـێکی زوری کوردستان بوو بە مەیـدانی جـەنگ و شـەڕ. بـە بیـانووی ئـەم شـەڕە، حکومـەتی رووخاوی بەعس بەهەزاران گونـدی کوردسـتانی وێـران و خـاپوور کـرد. ناوەنـدی ناحیەی شێروان مەزن لەگەل گوندی کرکەموو لـە (١-١- ١٩٨٢) راگوێزرانـە نـاو کۆمەڵگەی سێبیرانی سەربە قەزای ناوەندی هەولێر.

# راگواستن بەهۆی
# شەڕی نێوان پێشمەرگە و حکومەتی رووخاو
# لە ساڵی (١٩٨٧- ١٩٩٠)[١]

## قۆناغی یەکەم :

لەدوای بەرفراوان بوونی شەڕی ئێران و ئێراق و نەچوونە ناو ریزکانی سوپای ئێراق و بەشدارینەکردنی رۆڵەکانی گەلی کورد لە شەری قادسیەدا و چوونەناو ریزەکانی پێشمەرگە، سنووره بەرفرەوانەکانی بچووك دەکردنەوە ، چونکە لە بەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانای کۆنترۆڵکردنیان بەدەستەوە نەمابوو . خەلکی دێهاتەکان رووبەروی چەندین کێشەی جۆراوجۆر دەبوونەوە، لە رێکەوتی (٢٢-٤-١٩٨٧) حکومەتی بەعس هێرشی کردە سەر گوندەکانی (گرکال. کولەکان. مەیدان) سەربە ناحیەی مەزنێ و هەرسێ گوندی سووتاند، دانیشتووانی گوندەکان ئاوارە بوون لەناو کۆمەڵگەی (دێلزیان) کۆ بوونەوە. لە دوای زیادبوونی چالاکییەکانی پێشمەرگە لە دەڤەرەکەدا، لە (١٥- نیسانی ١٩٨٩) بە فەرمانی نوسینگەی باکور ژمارە (٣٤٤٨) بریار درا بە چولکردنی گوندەکانی هۆزی دۆلەمەری لە (١٠- ٥ - ١٩٨٩) دانیشتووانی گوندەکانی ناحیەی مەزنێ کە (٣٤) گوندی هۆزی دۆلەمەری بوون، راگوێزرانە ناو کۆمەڵگەی (سارداڤ).

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز فایق شێروانی ( ٢-١١-٢٠٠٠ ) شایەدحاڵ.

## قۆناغی دووەم :

لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٠)، رژێمی رووخاوی بەعس خەڵکی ناوەندی قەزای مێرگەسوور و کۆمەڵگەی گۆڕەتوو کە ساڵی (١٩٧٨) دانیشتووانی دەڤەری مزوییان لێی کۆکردبوونەوە، ئاگەدار کردنەوە کە دووبارە رایان دەگوێزنەوە بو ناو کۆمەڵگەکانی ( باسرمە. شاخۆلان ) کە سەربە قەزای ناوەندی هەلێرو شەقلاوەن. لە (٦- ٦ - ١٩٩٠) چەند مانگێك بەر لە راپەڕین هەموو دانیشتوانی قەزاکە راگواست و بینایەکانی قەزای مێرگەسوور و کۆمەڵگەی گۆڕەتوو بە (tnt) تەقاندیانەوە.

## ئەنجامەکانی راگواستنی دەڤەری بارزان [١]

| ساڵی راگواستن | ژ.گوند | سەرەك خێزان | قوتابخانە | مزگەوت | نەخوشخانە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٨-١١-١٩٧٥ | ٧٦ | ١٤٧٩ | ٥ | ٢٧ | ٣ |
| ٧-٧ - ١٩٧٨ | ٧٧ | ٢١٣٦ | ١٥ | ٢٧ | ٤ |
| ١ - ١ - ١٩٨٢ | ٢ | ١٦٥ | ١ | ١ | ١ |
| ١٠- ٥ - ١٩٨٩ | ٣٤ | ٤٨٥ | ٢ | ٤ | |
| ٦-٦- ١٩٩٠ | ٨ | ٤٤٠ | ٣ | ٣ | ٢ |
| کوی گشتی | ١٩٧ | ٤٧٠٥ | ٢٦ | ٦٣ | ١٠ |

[١] سەربۆرا تراژیدیایێن بارزانییان پەرتووکی دەست نووسی رێکارێ مزویری ساڵی ٢٠٠٦، هەروەها پەرتووکی بەعەربکردنی کوردستان غەفور مەخمووری لاپەرە ٤٤ چاپی یەکەم ، هەمان ژێدەر سودی لە پەرتووکی جینۆساید لە عێراقدا پەلەماری ئەنفال بۆ سەر کورد میدل ئیست وۆچ لاپەرە(٥٣٠)

# مینرێژکردنی ناوچەکە[1]

لەدوای راگواستنی دەڤەری بارزان بەگشتی و تەقاندنەوەی کانیاوەکان و سووتاندنی رەز و باخ و بیستان و سەرچاوەکانی ژیان، بۆ هیچ کەسێك نەبوو بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، گەڕانەوە و چوون بۆ ئەم دەڤەرانە قەدەغە کرابوون، هەرکەسێکیش سەرپێچی کردبا سزایەکەی لەسێدارەدان بوو. بڵاوکردنەوەو چاندنی ملیۆنەها مین لە کوردستان، تاوانێکی دیکە بوو بەرامبەر خەڵکی سڤیلی کورد (١٣٠٠٠)[2] هەزار کەس بوونە قوربانی مین و تەقەمەنییەکان و (٧٨٨) کیلومەتر چوارگوشە خاکەکەی بە مین پیس بووە ناتوانرێ سوودی لێوەر بگیرێ، هەروەك شوێنەکانی تری کوردستان، زۆربەی رێگا سەرەکییەکانی ئەم ناوچەیە مینرێژ کرابوون، ژمارەی کێڵگە مینرێژکراوەکان نزیکەی (٧٥ — ١٠٠) کێڵگە دەبوون، لەوانە (چیای پیران و دەوربەری، پیرەفات، شێروان مەزن، کێریێ سپینداریێ، سێگرکان، خواریێ گویزێ ، سەورە، گەلیێ بالندا، چیاییێ پیرسی، بەرمیزە، مێرگەسوور، سەرێ بێدارین، مەڕانێ، بێرسیاف، زینیا سارکێ، کولەکان، رەسومەران، کێلا سەلیمخان، کانیالنجان...) بە هەزارن مینی جۆراوجۆر لەم کێڵگانەدا چێنرا بوون تاکو ئێستاش لە زۆر شوێنەکانی ئەم دەڤەرە مینەکان هەر ماون، کێڵگەکان پاك نەکراونەتەوە، بەتایبەت نزیك سنوورەکان کەس ناتوانێ لێیان نزیك ببێتەوە زۆر جارانیش دەبنە هۆی کوشتنی مەڕو مێگەل و دەوار و ولاغەکانیان. لەم دەڤەرە بەهۆی ئەم مینانە بەدەیان

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز یەحیا حەسەن پیرانی شایەدحال (١٢–٦ –٢٠٠٧ )
٢ گوڤاری خازر. کێشەی مین لە کوردستان و عێرا قدا. ئاکو عزیز حەمەد

کەس شەهیدوو بریندار و کەمئەندام بوونە ئەمەش خۆی لـە خۆیـدا پێشـێلکردنی مافی مرۆڤە و دژی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە کە بەهیچ شێوەیەك نابێـت ئەم جۆرە چەکە بەشێوەیەکی بەربڵاو و نایاسـایی بـڵاو بکرێتـەوە بەتایبـەتی لـە شوێنە مەدەنییەکان.بە پێی ڕووپێـوی کاریگـەری سـاڵی (٢٠٠٤–٢٠٠٦) دەزگـای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردسـتان و ڕێکخـراوە خێرخوازەکـان، ڕێـژەی مینرێـژکردنی دەڤەرەکـە ، بـەپێی خشـتەی خوارەوەیـە. خۆشـبەختانە لـەپاش ئازادکردنی کوردستان هەندێك لـە کێڵگـەکان لەلایـەن ڕێکخراوەکـانی خێرخـواز و نەتەوەیەکگرتووەکان و دەزگای گشتی کاروباری مینی هـەرێمی کوردسـتان پـاك کرانەوە [١].

**خشتەی زانیاری و ژمارەی ناوچەکانی مینڕێژ کراوی قەزای مێرگەسوور**

| قەزا | ناحیە | ژمارەی ناوچە مینرێژکراوەکان | ڕۆبەرێ ناوچە مینرێژکراوەکان ب کم ٢ | ژمارا شەهیدان | ژمارا بریندااران |
|---|---|---|---|---|---|
| مێرگە سوور | ناوەندی مێرگەسور | ٢٥ | ١١,٥٤٤٥ | ٢٢ | ٣٣ |
| | بارزان | ١ | ٦،٠ | ٢٩ | ٦٤ |
| | پیران | ٢٥ | ٧،٥٦ | ١٨ | ٥ |
| | شێروان مەزن | ١٩ | ١٤،٦٤٠٥ | ٣٤ | ٤٨ |
| | مەزنێ | ١٠ | ٨،٢٤٧٥ | ١٢ | ٣ |
| کوی گشتی | | ٨٠ | ٤٢،٥٩٢٥ | ١١٥ | ١٥٣ |

١ دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان .

# کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان

گوندەکانی کوردستان سەرچاوە و پاڵپشتێکی بەهێزی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد بوون، چونکە خۆیان بەرهەمهێنەری خۆراك و پێداویستیەکانی ژیانی خۆیان بوون. بەپێی لوجیکی بەعسییەکان، وێرانکردنی گوندەکان دەبێتە هۆکاری سەرەکی لەناوچوونی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورد، بۆیە نەخشەی وێرانکردنیان دارشت و لەدوای ساڵی (١٩٧٤) لەپاش سازکردنی چەند کونگرەیەك کە لەناویاندا پلانی راگواستنی گوندنشینەکانی بۆ ناو کۆمەڵگەکان خرایە ناو چوارچێوەیەکی زانستی بەناوی (اصلاح زراعی)[١] بەپێی ئەم پلانە حکومەتی رووخاو نزیکەی (١٠٠) کومەڵگەی لە کوردستان دروست کرد بەناوی (هاوچەرخ، سۆسیالیست، زانستی) بەلام کردەوەکان زۆر لە راستی دوور بوون. دانیشتووانی دەڤەری بارزان لەرێکەوتی (١٨-١١-١٩٧٥ تا ٦-٦-١٩٩٠) هەموویان لەناو (١٣) کۆمەڵگەی زۆرەملێدا بەناوی (گۆرەتو، ساردادێ، دێلزیان، دیانا، هەریر، باسرمە، کەسنەزان، بەحرکە، شاخۆلان، سێبیران، قوشتەپە، قوشتەپە قادسییە، قوشتەپە قودس) لە دەوروبەری قەزای ناوەندی هەولێر و قەزای شەقلاوە و سۆران کۆ کردەوە. ئەم کۆمەڵگەیانە وەك گرتووخانەی سەرکراوە وابوون هەموو پێداویستییەکانی ژیان و مەرجەکانی خۆشگوزەرانی بۆیان دابین نەکرابوون خەڵکی راگوێزراوی ناو کۆمەڵگەکان بەهەموو شێوەیەك کۆنترۆڵ کرابوون هاتوچۆکردنیان بەبەڵگەی فەرمی بوو هەموو ئازادییێکیان لێ

---

[١] د. ئازاد شێخانی ئەنفال لەناو چارچێوەکانی درۆستکردنی ئوردوگا زۆرملێیەکاندا. سەنتەری برایەتی ژمارە (٢٤) ل (٤٣٨).

زەوت کرابوو، بەزۆر پیاوەکانیان دەیانکردنە سەرباز و لاوەکان بەرگری مللی و (جش الشعبی) و مێرد منداڵەکان (فتوە) و منداڵەکانیش ( طلایع ) و مەشقی سەربازیان پێدەکردن و بۆ شەڕی قادسیە ئامادە دەکران و ڕەوانەی بەروکەکانی جەنگ دەکران، پیر و پەککەوتەکانیش بو جەردکردن و لەبەرچاو ون نەبوونیان، شەوانە دەبێ چووبانە مەحوەل ئومیە خویان بە مامۆستا بەعسیەکان ناساندبا نەوەك پسولەی خوراکیان رادەگرت و بڕە خوراکی مانگانەیان لێ دەبڕا. سەرەڕای کەمدەرامەتی و نەبوونی کار و شوێنی کات بەسەربردن، بەعسیەکان زۆر جار داوای پارەو زێڕیان لێدەکرد وەك خەلات وتەبەروع بو شەڕی قادسیەی شووم و بەزۆر خەلکەکە کۆدەکرانەوە و خۆپیشاندانیان دژی حکومەتی ئێران پێدەکردن. هەرجارەو بەبیانوویەك خەلکیان دەگرت و ئەشکەنجە دەدا و تۆری ئیستخبارتی لە ناویاندا بەشێوەیەکی بەرفرەوان بڵاو کردبووە و هەرکەسێك لەبوونی خۆی بەگومان بوو. چەندین خەڵك لەناو ئەم کۆمەلگەیانەدا تووشی نەخوشییە دەروونییەکان بوون، ژیان لەناویاندا سەخت و دژوار بوو. گرتن و کوشتن و بێسەروشوێنکردن و بارمتەکردن و چەوساندنەوە کارێکی رۆژانە بوو. چەندین کەسیان بەئەشکەنجەدان دەکوشت و کەمئەندام دەکرد، بەدەیان پیر و لاو و ژن و منداڵی ناو لانکەش لەناو گرتووخانەکاندا بارمتە کرابوون، بە بیانووی ئەوەی باب و برا و مێرد و کور و کچیان هەلاتوون بۆ ناو پێشمەرگە یان وڵاتی ئێران. وەلامی هەر نەڕازیبوونێکیش کوشتن بوو، لە دژی ئەم رەفتارە نامرۆڤانە خەڵکی کۆمەلگەکان راپەرین و خوپیشاندانیان سازدەکرد ئەوانیش بەشێوەیەکی درندانە تەقەیان لە خۆپیشاندەران دەکردو شەهیدیان دەکردن. لە خۆپیشاندانێکی کۆمەلگەی هەریر (٦) ئافرەت و پیاویان لە بەرچاوی خزم و

کەسوکار و ناسیاوەکانیان شەهید کرد و چەندانی دیکەش لەناو کۆمەڵگەکانی تر ڕەمی دەکران و لە سێدارە دەدران و شوێن بزر دەکران.

## جینۆساید و دیمۆساید

لــەدوای ڕاگواســتنی بارزانییــەکان و ســووتاندن و وێرانکردنــی دەڤەرەکــە بەگشــتی و مینرێــژکردنی ڕێگــا ســەرەکییەکان و شــوێنە ســتراتیجییەکان و کۆکردنەوەیان لەناو کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان دا و کۆنترۆلکردنیان بـە شـێوەیەکی ڕێکخستنی، حکومەتی بەعسی ڕووخـاو دەسـتی کـرد بەجێبـەجێکردنی قونـاغی سـێیەم کـە بێسەروشـەێنکردن بـوو. چـونکە بارزانییـەکان لـە قۆنـاغی یەکەمـدا بەنەخشــە و پلانێکــی دارێــژراو ڕاگــوێزران، قۆنــاغی دووەم هــەموویان لــەناو کۆمەڵگەکاندا کۆکردنەوە و کۆنترۆڵ کران، لە قۆناغی سێیەمدا بـەپێی نەخشـە و پلانــی دارێــژراو بــە شــەش قۆنــاغ زۆربــەی زۆری نێرینــەکان دەســتگیر و دەستبەسەرکران و شوێنبزر کران :

**قۆنــاغی یەکــەم :** لــە ( ٢٩ – ٧– ١٩٨٣ ) دەستبەســەرکردنی چــەندین کەسایەتی بارزانییـەکان وەك، شـێخ عوسمـانی کـوڕی شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی لەگەل کوڕەکەی شێخ عیمـاد، لـە هـەولێرەوە بـەرێ کـران بـۆ بەغـدا بـەبیانووی کۆبوونـەوە لـە بـەرواری ( ٣٠– ٧– ١٩٨٣ ) هەنـدێك لـە شـێخەکانی بـارزان و بارزانییەکانی دەوروبەریان لە بەغدا کۆکرانەوە و دەستبەسەر کران.

**قۆنــاغی دووەم :** لــە ( ٣١–٧–١٩٨٣ ) بــەهێزێکی گــەورەی پاســەوانانی کۆمـاری و تانـك و تـوپ و فڕۆکـەی هەلیکۆپتــەر هــەردوو کۆمەڵگــەی (قــودس، قادسیە) لـە ناحیـەی قوشـتەپە کـۆنترۆڵ کـران و سـەربازەکان و ئەفسـەرەکانی

بـەعس رژانـە ناوماڵـەکان بـە بڵنـدگۆ بانگـەوازی خەڵکەکـەیان دەکـرد و پێیـان ڕاگەیانـدن کـە دەبـێ هـەموو ئامـادەبن بـۆ کۆبونەوەیـەکی بـەرفرەوان لەشـاری کەرکوك و دوای ئەوە دەیان گەڕێننەوە لەدوای ئامادەنەبوونی خەڵکەکـە دەسـت کرا بە پشکنینی ماڵەکان بەگشتی، بگرە لـە منـداڵی سـەروی تەمـەن (١٠) سـاڵی تـاوەك پیرەمێـردی (٩٠) سـاڵییان گـرت و رەوانـەی نـاو پاسـی پـەردەکراوی سەربازی کران و گوێزرانـەوە بـۆ شـوێنێکی نادیـار لـەم قوناغـەدا رێژەیـەکی زۆر دەستگیر کران.[١]

**قۆناغی سێیەم :** لە رێکـەوتی ( ١٠–٨–١٩٨٣ ) بەهـەمان شـێوەی پێشـووتر کۆمەڵگەکانی ( بەحرکە، حەریر. دیانا ) کۆنترۆڵ کـران ودەسـتکرا بـە پشـکنینی ماڵـەکان و ئـەو نێرینـەی بەردەسـتیان کـەوت راپێچـی نـاو پاسـەکان کـران و گوێزرانەوە بو شوێنێکی نادیار.

**قۆنـاغی چـوارەم :** لـە رێکـەوتی ( ١– ١٠ – ١٩٨٣ ) هـەردوو کومەڵگـەی (قودس، قادسـیە) دووبـارە کۆنترۆلکرانـە وە بـەهێزی ئـەمن و ئیسـتخبارت مـاڵ بەماڵ دەگەڕان و ئەو مێردمنداڵانـەی جـاری پێشـوتر دایکیـان لـەناو کەوەنتـەرو سـەلاجە و شـوێنە نادیارەکـان دا شـاردبوونەوە، دەسـگیرکران و بێسەروشـوێن کران.

**قۆناغی پێنجەم :** هەر لەدوای قۆناغی چوارەم تاوەك ساڵی (١٩٩٠)، تاك تاکە بارزانییەکان بێسەروشوێن و تیرۆر دەکران. لـەم پێـنج قۆناغـەدا نزیکـەی (٨٠٠٠) هـەزار نێرینـەی بـارزانی لـە لاو و پـیری سـاغ و نـەخۆش و ئەوانـەی لـە رووی

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەل (هەدیا عەبدوولا سالح) ١٧–٣–٢٠٠٢ ئافرەتێکی شایەد حال بووە.

ئەقلیشەوە تەواو نەبوون دەسگیرکران و بێسەروشوێن کران. لە میانی ئەم چەند سالانەدا لە (٦-٣-١٩٨٦) ژن و منداڵەکانی ناو کۆمەڵگەی قوشتەپە گوێزرانەوە بوناو کێلگە مینرێژکراوەکانی سەر سنووری تورکیاو ئێراق و کۆمەڵگەی جەدیدە.

**قۆناغی شەشەم :** لە ( ٢٣- ٨ - ١٩٨٨ ) شالاَوی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و کیمیابارانکردنی دەڤەری بارزان، لەگەل قۆناغی (٨) ، ئەنفالی بادینان، کە لە (٦- ٩ - ١٩٨٨) کۆتایی پێهات.چەندین بارزانی لەم قۆناغەدا بەر شالاوی ئەنفالی بەعس کەوتن .

## هۆکارەکان

١- پەیوەندی بەهێزی نێوان بارزانییەکان و شێخەکانی بارزان و دلسوزی و فیداکاری و قارەمانی بارزانییەکان لەناو شورشەکانی بارزاندا، داکۆکیکردنی بارزانییەکان لە مافەکانی گەلی کورد و ئازادکردنی کوردستان لە دەست داگیرکەران.

٢- پیلان و کۆبوونەوەکانی سەرۆك جاشەکان و دوژمنانی بارزانییەکان و ئاگەدارکردنەوەی حکومەت لە بەشداری نەکردنی بارزانیەکان لە شەڕی قادسیەدا لە قۆناغی درۆستکردنی فەوجە سووکەکان دا.

٣- بۆ ترساندنی سەرۆك هۆز و سەرۆك جاشەکانی تر بۆ ئەوەی زیاتر ملکەچی فەرمانەکانی حکومەت بن و بڕیارەکانی حکومەت جێبەجێ بکەن. بۆ ئەم مەبەستە (سەدام حسێن) لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن وتی: (ئەمانە خیانەتیان لە ولاَت و لە پەیمان کرد، بۆیە ئێمەش بەسزای توندو سەختمان گەیاندن و رەوانەی دۆزەخمان کردن).

٤- گرتنی بەشێك لە ناوچە ستراتیجییەکانی حاجی ئۆمەران و دەوروبەری و شکستی لەشکری عێراق لەناوچەکەدا بەرامبەر لەشکری ئێران. ئەمەش بۆ درۆستکردنی دووبەرەکی لەناو بارزانییەکاندا و دلدانەوەی هەڤالان و هەوادارانی بەعسییەکان و زیندووکردنەوەی دەروون و ورەی رووخاوی سەربازانی جەنگی قادسیە. میدل ئێست ووچ لە پەرتووکی (جینوسساید لە عێراقدا و پەلەماری ئەنفال بۆ سەر کورد) دا دەلێت : (( هۆکاری گرتنی بارزانیەکان گرتنی شارۆچکەی حاجی ئۆمەران بووە)). بەلاّم ئەمە پیلانی بەعسییەکان بوو لە ئەنجامدانی هەر کارێکی ناشیاو و نابەجێ کەسێکی تری تۆمەتبار دەکرد و بیانووی جۆراوجۆری بۆ دەدۆزییەوە و بڵاو دەکردەوە، بۆیە ئەمە لەراستی دوورە. ئامانجی سەرەکی لەناو بردنی گەلی کورد بوو، نموونەش بۆ سەلماندنی ئەم راستییە ئەوەیە، کوردە فەیلیەکان ولاتبەدەر دەرکران و لەناو دەبران گوایە فارسن و ئاگرپەرستن ئەنفالی (١٩٨٨) دەستی پێکرد و بڕیاریان دا ئەمانە مال و ملك و روحیان حەلالە، چونکە لەژێر دەستەلاّت دا نەماون و تێکدەرن، کوردستانی کیمیاباران دەکرد و تاوانەکەی دەخستە ئەستۆی حکومەتی ئێران.[١]

---

[١] جینوساید لە عێراقدا و پەلەماری ئەنفال بۆ سەر کورد، ئامادەکردنی میدل ئیست ووّچ وەرگێران لە ئینگلزیەوە. سیامەند موفتی زادە چاپی یەکەم سلێمانی ١٩٩٩ ل ٥١

## هەلسوکەوت و رەفتاری نامرۆڤانەی بەعسییەکان بەرامبەر ژن و منداڵان لە دوای گرتنی کەسوکارەکانیان[1]

١- کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەکان و قەدەغەکردنی هاتوچۆ بۆ دەرەوە و ناوەوەی کۆمەڵگەکان بە هەموو شێویەك.

٢- بڕینی ئاو و کارەبا، کە سەرچاوەی ژیانن، نەمازە لە مانگی تەموز کە لەم دەڤەرە پلەی گەرما لەم مانگەدا زۆر بەرز دەبێتەوە.

٣- بڕینی پسولەی خوراکی مانگانە و قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی کەلوپەلەکان بەهەموو شێوەیەك.

٤- گرتنی دەرگاکانی قوتابخانەکان و قەدەغەکردنی چوونەدەرەوەی قوتابیان بۆ خوێندن لە دەرەوەی کۆمەڵگەکاندا.

٥- گرتنی دەرگاکانی بنکە تەندروستییەکان و رێگرتن لە نەخۆشەکان بۆچۆنە دەرەوە لەناو کۆمەلگەکان .

٦- بڕینی مووچەی ئەو کارمەندانەی خزمەتگوزار بوون لەناو کۆمەڵگەکاندا.

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەل عەلی سام دانیشتوی ناو کۆمەڵگەی قوشتەبە کە شایەت عەیان بووە ١٢-٩-١٩٩٩.

٧- راگرتنی هەموو پێداویستییەکانی کاروباری کارگێڕی لە گشت دام و دەزگاکانی میری.

٨- ترساندن بەوەی کە ئەوانیش دەستگیر دەکرێن شوێنبزر ، دەکرێن، یان ئەو مێرد منداڵانەی بەردەستیان نەکەوتبوون.

٩- ئازاردانی دەروونی و بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی ترسناك سەبارەت بە گیراوەکان و دیارنەکردنی چارەنووسیان.

١٠- گرتن و گەڕاندنەوەی ئەو ئافرەتانەی لە سۆڤیەتی پێشوو مێردیان بە هەڤاڵانی بارزانی کردبوو.

١١- ڕێگرتن لەکارکردنیان لە کارگەکانی حکومی و ناحکومی.

١٢- لەگەڵ ئەم هەموو ئازارو ئەشکەنجەدانە لە دوای سێ ساڵ هەموو ژن و منداڵەکانی ناوکۆمەڵگەکان بە لوری و پاس و زیلی سەربازی لەناو سەرما و سۆڵی زستاندا لە (٦-٣-١٩٨٦) گوێزرانەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی جدیدە و قەزای مێرگەسوور و سنووری گورەتوو لە ناو کێلگەکانی مینرێژکراوی پیرەفات دا فرێدران و بەرەڵلاکران و پێیان گوتن دەبێ بەزووترین کات دەربچن و لەناو خاکی ئێراقدا نەمێنن، ئێوە کەسوکارانی ئاژاوەچیانن.

# بارزانییەکان لە نێوان نێرقڕکردنی ساڵی (١٩٨٣) و ئەنفال و کیمیابارانکردنی ساڵی (١٩٨٨) دا

ئەنفالی بەعسییەکان بریتی بوو لە بێسەروشوێنکردن و لەناوبردنی گەلی کورد و وێرانکردنی کوردستان. کە لە سەرەتاوە لە ساڵی شەستەکانەوە بەناوی جۆراوجۆر سەری هەلدا، دووبارە بەشێوەیەکی روونتر لە (٥– ٤– ١٩٨٠) لە کوردە فەیلییەکان دەستی پێکردەوە، دوای نێرقڕکردنی بارزانییەکان لەساڵی (١٩٨٣) و دەرکردنی ژن و منداڵەکانیان لە ئێراق کە لە ساڵی (١٩٨٦) دەستی پێکرد، زۆر لە خانەوادەی بارزانییەکان گەڕانەوە بۆ زێدی باب و باپیرانیان لە گوندەکانی خۆیان یان شوینێکی تر نێزیك لە گوندەکان نیشتەجێ بوون و زیاتر لە (٥٠) گوندیان ئاوەدان کردەوە کە لە ژێر دەستی پێشمەرگەی کوردستان دا بوون و پێیان دەگوت ناوچە ئازادکراوەکان. خەلکی ئەم گوندانە لە هەرسێ حکومەتی (ئێراق، ئێران، تورکیا) قاچاغ بوون و نەیان دەتوانی لەم دەڤەرە دەربچن. بەقاچاغی بەردەوامییان بە ژیانی خۆیان دەداو سەرلەنوێ زەویەکانیان بە دەوار و گاڕەش دەکێلان و گەنم و پێداویستییەکانی تری ناومالیان دەچاندو زۆر بەزحمەت و بەماندیبوونێکی زور سەخت و دژوار خۆیان بەخێو دەکرد، بەلام ژیانێکی ئازادو بەختەوەریان بەسەر دەبرد، چونکە ئازادوو سەرفیراز بوون. لەساڵی (١٩٨٦) لەشکری عێراق هێرشێکی کردە سەر دەڤەری شێروان مەزن ،(٥ – ٦) گوندیان سووتاند و خەڵکی گوندەکان ئاوارەی سەرسنوورەکان بوون،

چـەندین جـار ئـەم دەڤـەرە بـە تـۆپ و فرۆکـە بۆردوومـان دەکـران و خەڵکەکـە ئاوارەی گوندەکانی تر دەبوون و زۆرجاریش شەهید و برینـداری لێدەکەوتـەوە و نەخۆشەکانیان لەبەر نەبوونی دەرمان و پزیشك دەبوونە قوربانی ، بەلاٌم لە دوای کۆتایی هاتن بە شەڕی ئێراق – ئێران و بڕیاردان بۆ هێرشێکی گـەورە بـوو سـەر کوردسـتان بـەناوی ئـەنفال کـە دەرهاوێشـتەی هـزری ناسیونالیسـتی عـەرەبی شۆڤێنی بوو، لە (٢٣–٢– ١٩٨٨) لەسـەرگەلو بەرگـەلو دەسـتی پێکـرد تـاوەکو (٦– ٩– ١٩٨٨) بە (٨) قۆناغ لە بادینان کۆتایی پیٚ هات و کوردستانی تـالاٌن و وێران کرد، دەڤەری بارزانیش بەر ئەم شالاوە دڕندانە کـەوت و دووبـارە بـەتانك، توپ و چەکی کیمیاوی ئەم گوندانە وێرانکران و سووتێنران. بۆ پاراسـتنی گیـانی هاوڵاتیـان، پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە سـنووری شـێروان مـەزن و خواکـوڕك و شوێنەکانی دیکە ڕووبەڕووی لەشکری حکومەت بوونەوە لـە گونـدی (زەروا) کـە (١٥) مـاڵ لەگـەل (٦٦) پێشـمەرگەی بـارزانی لـە هـۆزی گـەردی تیـابوون بـەر کیمیاباران کەوتن و (٤) کەس شەهیدبوون، هەروەها هەندێك لـە خـەڵکی گونـدی تێل لە دەڤەری بادینان بەهـەمان شـێوە بـەر کیمیابـاران کـەوتن، (٢) کـەس بـە ئەگـەری کیمیابـارن شـەهید بـوون. هـەروەها چـەندین بـارزانی لـە گونـدەکانی دەوروبەری شنۆ بێمزورتە بەئەگەری کیمیابـاران برینـدار بـوون. برینـداربووانیش گوێزرانـەوە بـۆ نەخۆشـخانەکانی شـاری ورمـیٚ. بـە پێـی بەڵگـە فەرمییـەکانی حکومەتی بەعسـی رووخـاو، ئـەو بارزانییانـەی لـە شـالاٌوی ئـەنفالی قۆنـاغی (٨) دەسـتگیرکران، لـە (٦– ١٢– ١٩٨٨) لەسـێدارە دراون و مەیتـەکانیان رەوانـەی نەخۆشخانەی کومـاری هـەولێریان کـردوون. خـەلکی گونـدەکانیش کـە زیـاتر لـە (٥٠٠٠) کەس دەبوون لە (٢٦ – ٨ – ١٩٨٨) هەموو سەروەت و سـامانی خۆیـان

بەجێ هێشت. تەنها مرۆڤەکان توانییان لە (٣٠- ٨- ١٩٨٨) خۆیان رزگار بکەن و دەرباز بوون و چوونە ناو سنووری حکومەتی تورکیا دوای ئەوە چوون بۆ ئێران و لە ناو کۆمەڵگەی زێوە نیشتەجێ بوون تەنها (١٨) خێزان نەبێت کە نزیکەی (١٠٠) کەس دەبوون بوماوەی یەك مانگ لەناو ئەشکەوتێکی گوندەکانی تێل و شنگێل دا مانەوە دوای ئەوە بە نەهێنی هاتنە ناو کۆمەڵگەی گۆڕەتوو حکومەت دەستیان بەسەرداگرتن و راگوێزرانە ناو کۆمەڵگەی جێژنیکان نزیك کۆمەڵگای بەحرکە. بەشێکی زۆری خەلکەکە ئەوانە بوون کە لەساڵی (١٩٧٥) راگوێزرابوونە باشووری ئێراق و لەساڵی (١٩٨٠) جارێکی دیکە گوێزرابوونەوە بۆناو کۆمەڵگەکان لە قوشتەپە. لە ساڵی (١٩٨٣) پیاوەکانیان بێسەرۆشوین کرابوون و لە ساڵی (١٩٨٦) ئافرەت و منداڵەکان بە لۆری و زیل و پاس لەسەر سنووری ئێراق- ئێران فرەدران و لە ئێراق دەرکرابوون.

## بەڵگەو دیکۆمێنتەکان :

گومان لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد بەگشتی و بارزانییەکان بە تایبەتی نییە، بەلاَم هەر بڕیارێکی یاسایی پشت بە بەلگە و دیکۆمێنت و شایدحالەکان دەبەستێت، باشترین بەلگەش لەسەر جینۆسایدی بارزانییەکان ئەمانەی خوارەوەن:

١-دەقی وتەکانی (سەرۆك کۆماری عێراق سەدام حسێن) کە لەسەر تەلەڤزیۆن بەزمانی خۆی دەلێت من بارزانییەکانم بەرەو دۆزەخ ناردن ( **بعض منهم من سموا بالبارزانيين فنالوا عقابهم الصارم وذهبوا الى الجحيم**)[١] .

٢-پرۆسەکانی ( **راگواستن و کۆچپێکردن، کۆکردنەوە لەناو کۆمەلگە زورملێیەکان، دەستبەسەر کردن و بێسەروشوێنکردن**) و مانەوەی شوێنەوار و ئاسەوارەکانیان.

٣- ئەو بەلگەو دیکۆمێنتانەی لە پاش ئازادی ئێراق لە گوڤار و رۆژنامەکان و سایتەکان بلاَو کرانەوە، کە تایبەت بوون بە جینۆسایدکردنی بارزانییەکان.

٤-گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ئەو کەلوپەلانەی لەناو گۆڕی بەکۆمەڵی بوسیە لە پارێزگای سەماوە دۆزرانەوە.

٥-شایەدحالەکان و ئەوانەی گیراون و ئازاد بوون، لەکاتی گرتن و بێسەرۆشوێنکردندا ئاسەواری ئەشکەنجە و سووتن و بڕین و لەکارخستنی ئەندامەکانی لەشی گیراوەکان لەناو کۆمەلگە زۆرملێیەکاندا.

---

[١] سالح شنگێلی، رۆژناما خەبات.ژمارە (٢٥٧٢) ڤەگواستنا بارزانییان لسالا ١٩٧٥ بۆ ژێرییا ئێراقێ و ئەنفال و جینۆسایدکرنا وان ل سالا ١٩٨٣..

بەڵگەکان زۆرن و تەنها ئاماژە بەیەك بەڵگە دەکەم، ئەوانی دیکە لەپاشکۆ وەك خۆیان بڵاو دەکەینەوە :

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

بەروار ٢٩– ٣– ١٩٨٩

بەرێز م م ع کاروباری رامیاری هێژا

١–لەکۆتایی مانگی تەمووزی ساڵی (١٩٨٣) هاتمە ئاگەدارکردنەوە لەگەل کۆمەڵێك ئەفسەری ئاسایشی بەغدا لەگەڵ ئاسایشی گشتی، لەلایەن بەڕێز بەرێوەبەری ئاسایشی بەغدای پێشوو (عەقید عەلی عەبدوڵلا برع) بۆ ئەوەی کۆمەڵێك بارزانی خائین وەربگرم کە لە حوکمی زاتی ئاسایشی گشتی هۆبەی سێ بەدەستمان گەیشتن، هەروەها بەشێکی تر دەستبەسەر بوون لە گرتوخانەی ئەبو غرێب.[1]

٢–هەم کات (٢٢٢٥)خائینمان وەرگرتن بە ئوتۆموبیلی بارهەڵگر هاتنە گواستنەوە بۆ ناوچەی بوسیە کە لەوێ دەستبەسەر بن.

٣– بەڕێز بەرێوەبەری ئاسایشی بەغدا فەرمانی دا بۆ دروستکردنی دەستەیەك کە لەژێر فەرمانی ئەوبن، دوای ئەوە فەرمانی دا کە سزای گەل بە سەر ئەم خائینانەی سەرەوەدا جێبەجێ بکرێت.

---

[1] رۆژناما میدیا. ژمارا (١٥٤) سێ بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی رژێمی سەدام دەربارەی چۆنیەتی گرتن و کوشتنی بارزانییەکان ل ٢ ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن خودی سەرۆك مسعود بارزانییەوە دراونەتە بەڕێوەبەری نووسین (محەمەد عەفیف حوسێنی) رازیش بووە لە سەر بڵاو کردنەوەیان. ئێمەش بەبێ دەسکاریکردن ئاماژەمان پێکردووە .

٤- لەسـەرەتای مـانگی ئـابی سـاڵی (١٩٨٣) دەسـت کـرا بەجێبـەجێکردنی سـزای گـەل لـە بەرامبـەر خائینـەکانی سـەرەوە کـە ژمارەیـان (٢٢٢٥) کـەس دەبوون. هەندێك لەوان لە پارێزگای موسەنا ناوچەی (بوسـیە) بـوون. بەتەنسـیق لەگەڵ بەرێوەبەری ئاسایشی پارێزگای ناوبراو.

٥- رێنمـایی دەرچـوو لـەلایان بەرێوەبـەری ئاسایشـی گشـتی پێشـوو بـەڕێز (دکتۆر فازڵ بەڕاك) وە : بۆ رێکخستنی کێشەی تایبەت بە تاوانبارانەوە. بـەپێی ئەمە دەستکرا بە رێکخستنی (١٦) کێشـە بـۆ (٦٦٧) کـەس. ئـەم کێشـانە بـەرز کرانەوە بۆ سەرۆکاتی دادگای شۆرش و سـزای لەسـێدارەدان بـە سـەریاندا هاتـە سەپاندن، بەڵگەنامەکانی مردنیان نەگڕاندەوە.

٦- ئەوانـەی مانـەوە (١٥٥٨) تاوانبـار بـوون و هـیچ کێشـەیان بـۆ رێـك نەخستبوو.

٧- لێژنەیـەك هاتـە دامەزرانـدن لـە ئەفسـەران بـۆ وەرگرتنـی پـارەی ئـەو تاوانبارانەی سەرەوە کە لەگەڵیان دا بوو، ئەم پارەیـە رەوانـەی بەرێوەبەرایـەتی ئاسایشی گشتی هۆبەی (٣) کرا بەپێی چەکەکان.

وێنەیەك بۆ :

بەڕێز بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری هێژا ، نووسراوی (٤٤٣٩) لە ٢٣ - ٨ - ١٩٨٧ بۆ کاری پێویست لەگەڵ رێزدا

بـەڕێز بەڕێوەبـەری هـەواڵگری سـەربازی هێـژا بـۆ کـاری پێویسـت، بـەڕێز ئاسایشی هێژا بۆ کاری پێویست تکایە.

## دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەیان و گەڕاندنەوەی رووفاتەکانیان بۆ دەڤەری بارزان

لە دوای ئازادی ئێراق لە (٩– ٤ – ٢٠٠٣)، ئاژانسی پاراستن کۆمەڵێك بەلگەو دیکومێنتیان کۆکردەوە، بو ئەم مەبەستە وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان تیمێکی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی بەرێز وەزیری مافی مرۆڤ (د. محەمەد ئیحسان) لەدوای گەڕان و سوڕان و ماندووبوونێکی زۆر بەهاوکاری هەندێك کەسی خێرخواز و کڕینی زانیارییەکان ، توانییان گۆڕێکی بەکۆمەڵی بارزانییەکان لە ناحیەی بوسیە سەربە پارێزگای سەماوە کە دەکەوێتە نزیك سنووری سعودیە بدۆزنەوە، گوڕەگە هەلدرایەوە، بارزانییەکان بەهۆی جلوبەرگی تایبەتی خۆیان دۆزرانەوە. بە رێورەسمێکی شایستەو بە ئامادەبوونی سەرۆك کۆماری ئێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمان و نوێنەرانی حکومەتەکان و پارتە سیاسییەکان و کەسوکارانی ئەنفالکراوەکان و جەماوەرێکی زۆری کوردپەروەر لە (١٧– ٥ – ٢٠٠٥)، (٥٠٣)[١] روفاتی قوربانیانی بارزانی لە دوای (٢٣) ساڵ لەبیابانەکانی ئێراق گوێزرانەوە بۆ زێدی باب و باپیرانیان و لە هەمبێزی چیای شرین دووبارە بەخاك سپێردران. هەروەها لە (٢٤) سالەی یادی ئەنفالکردنی بارزانیەکان بە رێورەسمێکی شایستە لە (٣١– ٧ – ٢٠٠٦) بەئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان (شێخ سیداد بارزانی) و نوێنەری سەرۆك کوماری عێراق و جێگری سەرۆکی پەرلەمان وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و

---

[١] گوڤارا گولان ژمارە (٥٥٩) تشرینی یەکەم (٢٠٠٥) ل٤

به‌رپرسانی حزبی و حکومی و که‌سوکارانی ئه‌نفالکراوان ، که‌لوپه‌ل و جلوبه‌رگی پاشماوه‌ی ئه‌نفالکراوه‌کان گه‌ڕێنرانه‌وه وه ده‌ڤه‌ری بارزان و پێشانی که‌س و کاره‌کانیان دران. هه‌ندێك له دایك و خوشكو برایانی ئه‌نفالکراوه‌کان که‌لوپه‌لو جلوبه‌رگی که‌سوکاره‌کانی خۆیان ناسییه‌وه.

# جینۆساید و دیمۆسایدکردنیان

جینۆسـاید (genocide ) وشـەیێکی یونانیـە، لـە سـاڵی (١٩٣٣) لـە کۆنفرانسـێکدا لـە مەدرید رەفائیل لـەمکین (Raphael lemkin ) ڤەکۆلێنـەرێ پۆڵەندی بەکاریهێناوە، وشەیێکی لێکدراوە کە (genos) واتە (رەگەز، تـوخم، خێزان، هۆز) (cide) واتە کوشتن، کەواتە جینۆساید واتە کوشتنی گەلێك بەهۆی (رەگەز، زمان، ئاین..هتد). وشەی دیمۆساید (democide )[١] رامانەکـەی هـەمان کوشتنە. پرۆفیسۆر رۆمێل مامۆستای زانستێن سیاسی ل زانینگەها هـاوای لـە ساڵی (١٩٩٧) لە پەرتووکی خۆیدا بەناوی (مـردن بەدەستی دەوڵـەت) ( death by government ) دیمۆسـایدی بـەکار هێنـاوە، چـونکە وشـەی دیمۆسـاید فـرەوانترە واتـا (کوشـتن بەهـەموو شـێوەیەك، برسـیکردن، دەرکـردن، ئەشـکەنجەدان و ئـازاردان، دوورخسـتنەوە، سـۆرگون). هـیچ جینۆسـاید و دیمۆسایدێك بێ پلانرێژی پراکتیزە ناکرێن، جینۆساید پێویستی بـە ناوەنـدێکی سەرپەرشـتیار و پرۆژەیـەکی گشـتگیر هەیـە بـو ئۆرگـانیزەکردنی هـەموو ئـەو ئامرازانـەی کـە بـۆ کوشـتاری بەکۆمـەڵ بـەکار دەهێنـرێن..جینۆساید تـاوانێکی دەوڵەتیانەیە، چونکە ئـەم چەشـنە ئۆرگانیزەکردنـە تـەنها لـە توانـاو ئیمکانـاتی دەوڵەتاندایـە. تـاوانی قـەتلوعام، تـەڤکوژی یـا جینۆساید بەدرێـژایی مێـژوو بـە

---

[١] د. بابێ شوینکاری.گوڤاری زانکوی نوێ ئەوا بسەرێ کوردا ئینای جینوساید نیە ؟.ل ١٣

شـێوەی جۆراوجـۆر ئـەنجام دراوە، بەداخـەوە لـە سـەدەی بیستەمیشـدا کـە لەروانگـەی داهێنانـە زانسـتییەکان و تەکنۆلۆژییـەوە سـەرقافلەی شارسـتانیەتی مرۆڤە، لەژێر ناو چەشنی نامرۆڤانەدا پراکتیزەکردنی ئەم تاوانە دێرینەمان بینی.

حکومەتی پێشووی ئێراق ئەمانەی سەرەوە هەموویان بەسەر کورد بەگشـتی و بارزانییەکان بەتایبەتی سەپاندوون و تاقیکردۆنەتەوە، تاوەکو ئاستی تاوانەکە گەیشتە ئەو قۆناغەی کە هەزاران ژن و منداڵ کیمیاباران و زیندەبەچـاڵ بکـرێن و جینۆساید بکرێن و بـەپێی پێناسـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان کـە بـۆ جینۆسـاید کراوە، هەرکوشتارێك نیازی قڕکردنی هەیە بە هۆکاری ( رەگەز، نەتەوی، ئاینی ) دەبێت سزا بدرێت. لەدوای ئەوەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان بریـاری ژمـاە (٩٦)ی دەرکـرد کـە تایبـەت بـوو بـە تـاوانی جینۆسـاید، شـرۆڤە کـراوە کـە جینۆسـاید تاوانێکــە بنــەما یاســاییەکانی نێودەوڵــەتی دەبــەزێنێت و دژی ئامانجــەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە، هەروەها لە بەلگەیێکی نەتەوەیەکگرتووەکانـدا لـە سـاڵی (١٩٤٨) کـە بـە رێگـرتن و سـزادان بـۆ تـاوانی جینۆسـاید ناسـراوە، ئامـاژە بـەم خاڵانەی خوارەوە دەکات بۆ سزادان :

**١–قڕکردن**

**٢–رێکەوتن لە سەرقڕکردن.**

**٣– هاوکاریکردنی روون و ئاشکرا بۆ قڕکردن.**

**٤–هەولدان بۆ قڕکردن.**

**٥–بەشداریکردن لە قڕکردن دا.**

(راول هیلبێرگ) لە مێژووی خویدا سەبارەت (هۆلۆکۆست) دەلێت :

( پرۆسەی وێرانکردن شێوازێکی بنەڕەتی لێکچووی هەیە کە بۆ کۆمەڵێکی بەربڵاو بەکاردێت بۆ تێکشکاندن و لەناوبردن، کە بە سێ قۆناغی سەرەکی دستپێدەکات ، دەستنیشانکردن، کۆکردنەوە یان گرتن، ونکردن و لەناوبردن) ، بارزانییەکانیش بەم سێ قۆناغانە جینۆسایدو دیمۆسایدکراون و هەموو ئەو خاڵانەی لەناو پێناسەکان و بەندەکانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا هاتوون سەبارەت جینۆساید، یەك دەگرنەوە لەگەل ئەو تاوانانەی حکومەتی ئێراقی پێشوو ئەنجامی داون بەرامبەر بە بارزانییەکان وەك:[١]

١- نەخشەو پلان و هزری دارێژراوی بەعسییەکان بۆ قڕکردن و لەناوبردنی بارزانییەکان.

٢- راگواستن و کۆچپێکردنی بە زۆر و فڕەدان لەو شوێنانەی کە لەگەڵ کەش و هەوای ناوچەکە نەدەگونجان، هەروەها ئەو شوێنانەی ژیان لێیان بڤە و قەدەغە و مینرێژکرا بوون.

٣- کۆکردنەوە و دەستبەسەرکردن و تێنوو برسیکردنیان لەناو کۆمەڵگە زۆرملێیەکان و گرتووخانەی ئەبۆ غرێب و هۆڵەکانی سەرسنووری سعودیە لە ناحیەی بوسیە و قەدەغەکردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیان لێیان.

٤- دەرکردن و تاڵانکردن و سووتنی دەڤەرەکە بەگشتی و مینرێژکردنی، هەروەها ئەشکەنجەدان و کوشتن و کارکردنی بەزۆر.

[١] میدل ئیست ووچ، جینۆساید لە ئێراقدا وپەلەماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێران لە ئینگلزییەوە سیامەند موفتی زادە.چاپی یەکەم سلێمانی. ١٩٩٩ ل.

٥- نێرقڕکردن بۆ ئەوەی ڕێژەی لەدایکبوون نەمێنێت و نەژادیان زیاد نەبێت.

٦- کوشتنی بەکۆمەڵ و بێسەرۆشوێنکردنیان و دیار نەکردنی چارەنووسیان.

٧- قەدەغەکردنی خوێندن و ڕێگرتن لە دابینکردنی خوراك و پێداویستییەکانی ژیان بۆ ژن و منداڵانی ناو کۆمەڵگەکان کە لە هەموولایەکەوە بە سەرباز و سوپا دوورپێچ کرابوون.

سەرەڕای کوشتن و ونداکردنی نێرینە گیراوەکان زیاتر لە (١٠ هەزار ژن ومنداڵ بێ سەرپەرشت بوون، لەوانە نێزیکەی (٢٠٠٠) ئافرەتی بێوەژن و (٤٩٧٥) کچ و (٤٨١٧) کوڕ بوون، (٤٧٠) لەم کچ و کوڕانە پاشباب لەدایکبوونە و باوکی خۆیان نەدیوە. بەهەزاران ژن و منداڵ بێسەرپەرشت کران و شیرازەی خێزانیان تێکچوو. کە بووە هۆی دروستبوونی سەدان نەخۆشی و کێشەی جۆراوجۆری (جڤاکی، ئابووری، دەروونی... هتد).

بۆیە لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە بارزانییەکان دیمۆسایدکراون و بەڵگەکان گومان لەسەر ئەم راستییە ناهێڵن کە حکومەت رووخاوی بەعس هەموو رێگا و میکانیزمێکی گرتۆتەبەر بۆ لەناوبردن و پاکتاوکردنی بارزانیەکان. گوناھ و تاوانەکەیان تەنها ئەوەبووە کە بارزانی بوون و رەمز و هێما و سومبولی خەبات و تێکوشان و بەرخودان بوون بەرامبەر زاڵمان و داگیرکەرانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە شاعیر دەڵێت.[١]

---

[١] سەربۆرا تراژیدیاییێن بارزانییان پەرتووکی دەست نووسی رێکارێ مزویری.

کۆما کەوێن کەتی داڤێ
مینا بێدەنگیا ئاڤێ
خوین لبن پێلان دهاڤێ
لەوڕا سۆرە رەنگێ تاڤێ

بیابانا موسەنایێ
وەك تێهنیێن کەربەلایێ
کەس د هەوارا وە نایێ
وە رۆح کەتبوو سەمایێ

گەلو ئەڤە چ وژدانە ؟
کوردستانێ کورد قڕانە..
بۆ بێدەنگ ما ئەڤ جیهانە ؟
بارزانیبوون چ تاوانە ؟!!

# دادگایکردنی تاوانبارنی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان

لە زوربەی ئەو ولاتانەی کە جینۆساید تیادا ئەنجام دەدرێت هەوڵی جێبەجێکردنی سێ خاڵی گرنگ دەدرێت (دادگایکردنی تاوانباران، دۆزینەوەی گۆڕە بەکۆمەلەکان و پارستنیان، قەرەبوکردنەوەی کەسوکارانی قوربانیانی جینۆساید و هەولدان بو ئاشتەوای و دووبارە پێکەوەژیان) ئێراقیش یەکێکە لەو ولاتانەی کە خەلکی سڤیل لێی جینۆسایدکراوە. بۆیە لە دوای (٩-٤-٢٠٠٣) ئازادی ئێراق، بە فەرمانی ژمارە (٤٨) لەلایەن بەرێوەبەری کارگێری دەستەلاتی ئیئتلافی یەکگرتو -پۆل بریمەر- بەیاسای ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٣)، ((دادگای تاوانەکانی تایبەتمەند بە تاوانە دژەمرۆیەکان)) دامەزرا. دوای دەرچوونی یاسای ژمارە (١٠ ) سالی (٢٠٠٥) پەرلەمانی ئێراق ناوی دادگایان گۆڕی بۆ (دادگای تاوانەکانی بالای ئێراق) کە سێ مادەی گرنگ بەخۆە دەگرێت:

١-مادەی ژمارە (١١) تاوانی جینۆساید .

٢-مادەی ژمارە (١٢) تاوانی دژە مرۆییەکان .

٣- مادەی ژمارە (١٣) تاوانی جەنگ .

لەم دادگایەدا (١٤) دۆسیە بۆ لێکۆلینەوە دیارکراون کە (٥)یان تایبەتن بە گەلی کورد ( ئەنفال، کیمیابارانکردنی شاری هەلەبجە، کوردە فەیلیەکان، بارزانییەکان، پاکتاوی نەژادی) لەم دادگایەدا لە (٢٤-٦-٢٠٠٧) بەفەرمی بڕیاردرا کە پرۆسەی ئەنفالکردنی گەلی کورد جینۆسایدکردنە، لە (١٤-٤-٢٠٠٨)

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وپەرلەمانی ئێراقی بە زۆرینەی دەنگ دەنگیان لەسەر ئەنفالکردنی گەلی کورد لەلایەن رژێمی پێشوی ئێراق درا، لەلایەن دیوانی سەرۆکایەتی حکومەتی ئێراقی فیدرلەوە پەسندکرا و بە رای گشتیان راگەیاند کە هێرشی سەربازی بەناو ئەنفال کە لە سالی (١٩٨٨) بە (٨) قۆناغ کرایە سەرگەلی کورد کە لە سەرگەل و بەرگەل و دەستپێدەکات و لە بادینان کوتای پێدێت جینۆسایدە. بۆ ئەم مەبەستە لە نوسینگەی دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق نزیکەی (٣٠٠٠) لە کەسوکارانی جینۆسایدکراوەکانی بارزانییەکان لە هەولێر سکالایان دژی هەموو ئەو کەسانە کە هاوکاربوونە لەگەل حکومەتی پێشوی ئێراق لە جینوسایدکردنی بارزانییەکاندا سکالایان تومار کرد، لەدوای (٢٦) سال چاوەروانی کەسوکارانی قوربانیانی جینۆسایدی بارزانییەکان لە (٢-٣-٢٠٠٩) یەکەم دانیشتنی دادگای بالای تاوەنەکانی ئێراق بە سەرۆکایەتی دادوەر (رەئۆف رەشید) و پارێزەران (محمەد سالح، ئەیاد کاکەی، هەدار زبێر) لەسەر دۆسییەی بارزانییەکان، بەتاوانی کۆمەلکوژی مادەی ژمارە (١١) ، بە بەندەکانی (ا،ب،ج،د) بە دەلالەتی مادەی ژمارە (١٥)ی، یاسای دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق ژمارە (١٠) سالی (٢٠٠٥)، هەروەها جێبەجێکردنی مادەی (٤٠٦) یاسای سزادان ژمارە (١١١) سالی (١٩٦٩)، ئامادەبونی (٧) تومەتباری سەرەکی و (٩) تومەتباری هەلاتوو، (٨) سکالاکار بەرێوەچوو. جێگای ئاماژەپێکردنە کە شاندی وەزاەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە سەرۆکایەتی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە وەکالەت (مەدحی مەندەلاوی)، سەرۆکی دۆسیەکان (هەڤال رەحمان) و بەرێوەبەری ئەنفالکراوەکانی هەولێر (فارس تاهر)، وەرگێران (مەلا ئەیوب عارس، حەلیما بارزانی)، نوێنەرانی کەسوکارانی

قوربانیانی جینۆسایدی دەڤەری بارزان (عوسمان قادر، رازی زێتی، نادر بازی، نازدارخان) ئامادەی دانیشتنەكان بوون. تاكو ئێستا لەپێنج وەجبە (١٦) دانیشتنی دادگادا (٣٨) سكالاكار و شاید، لە بەرامبەر دادوەری دادگا، داواكانیان شرۆڤەو رونكردیتەوە و داوای سزادانی تاوانبارن و قەرەبوكردنەوەی كەسوكارانی قوربانیانی جینۆسایدیان كردووە.

## بەلگەكانی ئامادەكراو بۆ دادگا

هەموو بەلگەكانی (بیستراو، بینراو، نووسراو) كە بۆ دادگا ئامادەكراون زۆر بەهێزن و حاشا هەلنەگرن لەسەر جینۆسایدكردنی بارزانیەكان كە لەم پێنج خالانەی خوارە وە پێكهاتوون:

١–ئاسەواری وێرانكردنی گوندەكانی دەڤەری بارزان و ئەو كۆمەلگەیانەی كەتیایاندا بە زۆرملێیی نیشتەجێكراون .

٢–نوسخەی ئەسلی نوسراوە فەرمیەكانی حكومەتی ئێراقی پێشو سەبارت راگواستن و گرتن و بێسەروشوێنكردن و كوشتنی بارزانییەكان .

٣– كاسیەتی ڤیدیویی كە سەرۆك كۆماری ئێراقی پێشو (سدام حسێن) بەڕاشكاوانە لە سەر شاشەی تەلەفزیوون دەلێت بارزانییەكانمان رەوانەی دۆزەخ كردن .

٤–دۆزینەوەی گۆڕی بەكۆمەلی بارزانییەكان لە بۆسیە و دەرهێنانی رۆفاتەكانیان و جلوبەرگ و ئەو كەلوپەلانەی لەناو گۆڕەكانیان دەرهێنراون، ئەو بابەتە زانستیانەی لە سەریان ئامادەكراون .

٥–گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە لەلایەن سکالاکاران و دیدەڤان و شایدحالەکانەوە لە بەرامبەر دادوەری دادگادا .[1]

ئەو کەم و کوڕیانەی کە ئێمە هەستمان پێکردوە ئەوەیە کە لێکۆلەرە دادیەکان لە نوسینگەی دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق لە هەولێر لێکۆلینەوەکانیان بەشێوەیەکی بەرفرەوان و جیاواز نەبووە، لێکچونێکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش لە رۆی یاساییەوە کارێکی دروست نیەو لە بەرژەوەندی سکالاکاراندا نیە.هەروەها کەمی رێژەی تاوانبارن لەناو قەفەسی دادگادا، ئەگەر چی زۆر لەو تاوانبارانە لە سێدارە دراون یان لەناو چوون، بەلام حکۆمەتی ئێراقی فیدرال دەبێت بەبەردەوامی لە هەولی گرتنی تاوانبارندا بێت و هەر کەسێك هاوکار بووە لە گرتنی بارزانییەکاندا دەبێت بە سزای خۆی بگات .

---

١ گوڤاری ،ئەنفالستان .سالّی (٢٠٠٩)، سەرۆکی لێکۆلینەوەی هەلەبجە لاپەرە (٤٥) .
٢ چەند دۆسییەکی تری تاوانەکانی رژێمی پێشوی ئێراق کە تایبەتن بە گەلی کورد ئامادەکراون بۆ دادگای بالای تاوانەکانی ئێراق وەك ( کانی ئاشقانی هەلەبجە، قەلادزێ ، کۆمەلگای زێوە، راپەرینی ١٩٩١ ، ئەشکەوتی دەکان، گوندی سوری )

# لیستی ناوی تاوانباران

| ژ | ناوی تاوانبار | سالی لەدایکبون | رەگەزنامە | پیشەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوان | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی حەسەن ئەلمەجید | ١٩٤١ | ئێراقی | ئەندامی مەجلسی سەرکردایەتی شورش و سەرکردایەتی ولات | بەغدا– کۆمەلگای – دجلە |
| ٢ | تارق عەزیز عیسا | ١٩٣٦ | ئێراقی | ئەندامی مەجلسی سەرکردایەتی شورش | بەغدا |
| ٣ | سەعدون شاکر مەحمود | ١٩٣٦ | ئێراقی | وەزیری ناوخو/ ئەندامی مەجلسی سەرکردایەتی شورش / سەرکردایەتی ولات | بەغدا _ جادریە |
| ٤ | سفیان ماهر حەسەن | ١٩٥٦ | ئێراقی | ئەفسەری گاردی کۆماری | بەغدا – گەڕەکی – ئەلکندی |
| ٥ | وەتبان ئیبراهیم حەسەن | ١٩٥٢ | ئێراقی | سکرتێری لێژنەی کاروباری باکۆر | بەغدا |
| ٦ | حامد یوسف حمادی | ١٩٣٥ | ئێراقی | سکرتێری سەرۆك کۆمار | بەغدا |
| ٧ | حکمەت مزبان ئیبراهیم | ١٩٣٤ | ئێراقی | وەزیری دارایی و جێگری سەرۆك وەزیران | بەغدا |

# ئەو پەرتووك و ژێدەرانەی سوودیان لێوەرگیراوە

**پەرتووکەکان :**

١-عەشیرەتی بارزان لە نێوان ١٩٣١– ١٩٩١ عەبدورەحمان مەلا حەبیب ئەبووبەکر چاپا یەکێ سالا ٢٠٠١ ل ١٤

٢-من جرائم قتل االعام فی کوردستان العراق عام ١٩٨٨ قسم فی مکتب السیلسی للحزب الدیمقراتی الکردستانی مطبعة خبات شباط ١٩٨٨ ص٣

بارزان و حرکه الوعی القومی الکردی ١٨٢٦ – ١٩٤١ ص ٢٥

٣-زێوە لەیاد ناچێت، نامیلکە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئێراق لقی ئاوارە ل ٨ –١٥

٤-ئاکامە کۆمەلایەتییەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، مراد حەکیم نامەی ماستەر کە پێشکەش کراوە بە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئاداب هەولێر ٢٠٠٣.

٥-ئەمنی ستراتیجی عێراق سێکۆچکەی بەعسیان (تەرحیل. تەعریب. تەبعیس) ئەمین قادر مینە. بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان چاپی دووەم ١٩٩٩.

٦-جینۆساید لە عێراقدا و پەلەماری ئەنفال بۆ سەر کورد، ئامادەکردنی میدل ئیست ووٚچ، وەرگێڕان لە ئینگلزییەوە. سیامەند موفتی زادە، چاپی یەکەم سلێمانی ١٩٩٩ ل ٥١

**گۆڤارەکان**

٧-د. ئازاد شێخانی، ئەنفال لەناو چارچێوەکانی درۆستکردنی ئوردوگا زۆرملێیەکاندا، سەنتەری برایەتی ژمارە (٢٤) ل (٤٣٨).

٨- گۆڤارا گولان ژمارە (٥٥٩) تشرینی یەکەم (٢٠٠٥) ل٤ ئەم درۆشمە لە زاری د. عومەر ئیبراهیم عەزیز ناسراو بە عومەر پەتی وەرم گرتووە، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین.

٩-د. بابێ شوینکاری.گۆڤاری زانکۆی نوێ ئەوا بسەرێ کوردا ئینای جینۆساید نیە ؟.ل ١٣.

## رۆژنامەکان

١٠- رۆژناما خەبات، ژمارە (٢٥٧٢) ڤەگواستنی بارزانیان لسالا ١٩٧٥ بۆ ژێریا ئێراقیێ و ئەنفال و جینوسایدی کرناوان ل سالا ١٩٨٣. سالح سەلیم سام.
١١- رۆژناما میدیا، ژمارا (١٥٤) سێ بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی رژێمی سەدام دەربارەی چونیەتی گرتن و کوشتنی بارزانییەکان ل ٢
١٢- چەند بەڵگەنامەی دیکومێنت لە ئەرشیفی نووسەر.

## چاوپێکەوتنەکان

١٣- چاوپێکەوتن لەگەل بەرێزان (سوبحی سەلیم، عەلی سام) کە شایەدحالبوون لە (٢٧–١١–٢٠٠٢).
١٤- چاوپێکەوتن لەگەل بەرێز فایق شێروانی (٢٠٠٠).
١٥- سەربۆرا تراژیدیاییێن بارزانییان پەرتووکی دەست نووسی رێکاریێ مزویری ساڵی ٢٠٠٣
١٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز یەحیا حەسەن پیرانی.
١٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ ( هەدیا عەبدوڵڵا ساڵح ) ١٧–٣–٢٠٠٢.
١٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی سام دانیشتووی ناو کۆمەڵگەی قوشتەپە.
١٩- وێنەکانی کەمال ئاکرەیی، خۆشەوی باپیر، نعمەت شهاب و دەرهێنانی رووفاتەکان لەلایەن بەڕێز (د. محمەد ئیحسان ) ، رەهێل رەشید .
٢٠-چاوپێکەوتن لەگەڵ خۆشەوی باپیر .
٢١- دەزگای گشتی بۆ کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان.

# سوپاسنامە

پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بە وێنە و بەڵگەو زانیاری هاوکاریان کردووم و سودمان لە زانیاریەکانیان وەرگرتووە، (د. محەمەد ئیحسان، ئەحمەد قەرەنی، رەهێل رەشید، نعمەت شەهاب، نادر رۆستی، بورهان ئەرگوشی، سەنار شێروانی، یاسین شوکری، مستەفا ئیسماعیل، فەوزی معروف، فریاد ئەریوانی، عەدالەت عومەر، محەمەد تاهر، رێبوار رەمەزان، قورتاس سەفتی، سدیق ئەحمەد، کاروان نوری، تحسین تەها، جادر حەسەن، مەهدی تەیب، کەمال ئاکرەی، خوشەوی علی، سەعدی حەمید، خوشەوی خەلیل، مامۆستا موکەرەم، جەرگیس ئەرگوشی، ئەنوەر عومەر، محەمەد سلوری، سالار خالد، سلێمان رەعد، ئازاد کانیبوتی، عوسمان سەعید، مامۆستا نەزەت ئەرگوشی، نیازی خالد، هەدار بارزانی، ئەیاد کاکەیی، حازمێ سافیایێ، ئەو مامۆستایانەی لە پێش راگواستن لە دەڤەری بارزانبوون و وێنەکانیان گرتووە و ناوەکانیان بە دەستمان نەکەوتن) .



## نووسەر لە چەند دێرێکدا

**فارس تاهر محۆ - ناسراو بە ( ڕێکارێ مزویری)**
**دایکبووی ١٩٦٩ گوندێ گویزا وەلاتی ناحیا شێروان مەزن قەزا مێرگەسوور.**
**دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێر سالّی (١٩٨٧ – ١٩٨٨).**

### چالاکییەکانی نووسەر لە بواری ناساندنی جینۆسایدکردنی گەلی کورد :

١– سالّی ( ٢٠٠٠ ) کردنەوەی پێشانگایەکی فوتۆگرافی بۆ بەرکەوتوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو بارزانییە جینۆسایدکراوەکان بەناوی (ئەنفال و کیمیاباران ) لە ناحیەی بەحرکە.

٢–سالّی ( ٢٠٠٦ ) ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردن و گەڕاندنەوەی کەلوپەلەکانی بارزانییە ئەنفالکراوەکان ئەوانەی لە گۆڕی بوسیە دەرهێنرابوون لە هەولێرەوە بۆ دەڤەری بارزان و ڕێکخستنی دوو پێشانگا بۆ هونەرمەندان (بارزان بەکر، نەعمەت شهاب ) و سەرپەرشتیکردن لە سەر چاپکردنی چەندین پۆستەر و فۆلدەری تایبەت بە جینۆسایدکردنی بارزانییەکان .

٣–سالّی ( ٢٠٠٦ ) سەرپەرشتیکردنی گێڕانی کەرنەڤالێك و کردنەوەی پێشانگایەکی (دیواربەندی ) و دەرکردنی نامیلکەیەکی تایبەت بە ناوی ئاهی ئەنفال بە هاوکاری بزاڤی رۆشنبیریی سلێمانی و هونەرمەند بارزان بەکر لە ( باغی گشتی ) شاری سلێمانی .

٤–سالّی ( ٢٠٠٦ ) سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی (١٠) سەنتەرو کۆمەڵەو ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری هەولێر لە ڕۆژی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفالکردنی گەلی کورد، دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی تایبەت لەگەڵ ( هاشم داودی ) بەناوی (چواردەی چوار

) و فۆلدەری تایبەت بە زمانی ( کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی ) لەسەر جینۆسایدکردنی گەلی کورد .

٥-ساڵی ( ٢٠٠٧ ) یاریدەدەری بەڕێوەبەری پرۆژەی رووپێوی ئەنفال و کیمیابارانکراوەکان، لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و سەرپەرشتیکردنی رووپێوی سێ پارێزگا، ( هولێر ، دهۆك ، کەرکوك ) .

٦-ساڵی (٢٠٠٧) سەرپەرشتیکردنی دانانی پێشانگای کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد لە شاری هەلێر و بەشداریکردن لەم پێشانگایەدا بە چەندین بەڵگەو دیکومێنت ، دەرکردنی فۆلدەرێکی تایبەت بۆ پێشانگایەکە.

٧-ساڵی (٢٠٠٧ ) بەشداریم کرد لە کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە سەر جینۆسایدکردنی بارزانییەکان.

٨-ساڵی (٢٠٠٨ ) بەهاوکاری ( نادر رۆستی ، مەسعود ئیسماعیل ) رۆژنامەیەکی تایبەت بەکارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەمان بەناوی (١٦ سێ ) دەرکرد .

٩- ساڵی ( ٢٠٠٨ ) کردنەوەی پێشانگای فوتۆگرافی بۆ ئەنفالکراوەکانی بارزانی لە ( هەولێر هولی پێشەوا ، سلێمانی هۆلی رۆشنبیری ،دهۆك هۆلی محەمەد عارف جزیری )

١٠- سالی (٢٠٠٨ ) دەرهێنانی فلیمێکی دیکومێنتی لە سەر کۆمەلکوژی بارزانییەکان لەگەل کەناڵی ئاسمانی ( کوردستان ) بۆ (٢٥)مین سالیادی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان.

١١- ساڵی (٢٠٠٩ ) بەشداریکردن لە کردنەوەی پێشنگایەکی فۆتۆگرافی لەسەر جینۆسایدی گەلی کورد (کوردە فەیلییەکان، بارزانییەکان، کیمیابارانی شاری هەلەبجە، هەشت قۆناغی ئەنفال ، کۆڕەوە ملیۆنییەکەی گەلی کورد (١٩٩١ ) لە شاری ( بەسرا ).

١٢- ساڵی ( ٢٠٠٩ ) سەرۆکی لێژنەی ئامادەکردنی سکالاًکاران و شاهدەکانی دۆسیەی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان و ئامادەبوون لەگەلیان، لە رۆژی دادگایکردنی تاوانبارنی جینۆسایدکردنی بارزانییەکان ، لە دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق لە بەغدا .

١٣- ساڵی (٢٠٠٩ ) ئەندامی لێژنەی کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی لە سەر جینۆسایدکردنی گەلی کورد کە لەم بەشانە ( فەیلی ، بارزانی ، کیمیابارانی هەڵەبجە و

بالیسان ، (٨ ) قۆناغی ئەنفالکردنی گەلی کورد ، کۆرەوە ملیۆنییەکەی گەلی کورد) پێکهاتبوو. لە کۆنگرەی ئاشتەوایی و لێپرسینەوە لە شاری هەولێر .[١]

**پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر :**

١– **یەکگرتن**، چیرۆکە شیعری منداڵان (٢٠٠١)، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ

٢– **کوێریشك و لەڤەن** ، چیرۆك (٢٠٠٢ )، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکاڵ

٣– **یوسفیٚ زارۆك**، چیرۆکە شیعری منداڵان (٢٠٠٣)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٤– **هانسل و گرتل** ، چیرۆکی جیهانی، وەرگێڕاو لە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی ( ٢٠٠٤ ) دەزگای سپیریز ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .

٥– **دارمێو**، شیعری منداڵان ( ٢٠٠٧ )چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری .

٦– **بەریکانیٚ** ، چیرۆکە شعری منداڵان ( ٢٠٠٨ ) چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری .

٧– **گورگیٚ ئازادیخواز** ،چیرۆکی منداڵان ( ٢٠٠٨ ) چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

٨– **کوچکا خوشبەختییٚ** ، چیرۆکی جیهانی مندالان ( ٢٠٠٩ ) ، وەرگێڕان لە زمانی فارسی (٧) نامیلکە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری .

٩– **درۆ و شەڕ** ، چیرۆکە شیعری مندالان (٢٠٠٩ ) ، چابخانەی وەزارەتی رۆشنبیری .

١٠– **لورینا دایکان** ،شعر لە چاپکراوەکانی رێکخراو ڤەژین (٢٠٠٩).

- کارم کردووە وەك دەستەی نووسەران لەم گۆڤار و رۆژنامانەدا (گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی ، یەکی شوبات ، شازدەی سیٚ ، رێژیار، چواردەی چوار).
- بڵاوکردنەوەی سەدان بابەتی جۆراوجۆری، ( جڤاکی ، رامیاری ، ئابوری، کلتوری ، پەروەردەیی ، رەخنەیی ، فلکلۆریی ) لە گوڤار و رۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان و سایتەکانی ئینتەرنێت.

---

١ زۆربەی ئەو چالاکییانەی ئەنجامان داون ، بەهاوکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بوون .

٢ پەرتووکی جینۆسایکردنی بارزانییەکان ،کورتکراوەی پەرتووکی دەستنوسی نووسەرە بەناوی (سەربۆرا تراژیدیاییێن بارزانیان کە لە ساڵی (٢٠٠٣) ئامادەیە بۆ چاپ ) .